MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# راگواستن و ئاوەدانکردنەوە

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر ناحییەی کۆکس

سەلاّح شاکەلی

عەبدولاّ گەرمیانی

فەرهاد سەمەد

هەولێر - 2008



**ناوی کتێب: راگواستن و ئاوەدانکردنەوە**

- **نووسینی: سەلاّح شاکەلی، عەبدولاّ گەرمیانی، فەرهاد سەمەد**
- **نەخشەسازی ناوەوە: هەردی**
- **بەرگ: ئاسۆ مامزادە**
- **ژمارەی سپاردن: ( )**
- **تیراژ: (** 750 **) دانە**
- **چاپی یەکەم** 2008
- **نرخ: (** 1500 **) دینار**
- **چاپخانە: چاپخانەی خانی ( دهۆك )**

**زنجیرەی کتێب (** 39 **)**

**دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی**

**www.mukiryani.com**

**asokareem@ maktoob.com**

**Tel: 2260311**

## ناوەڕۆك


پێشەكی ..... 7

سنوری توێژینەوە ..... 15

پرۆگرامی توێژینەوە ..... 15

كێشەكانی توێژینەوە ..... 16

ناحیەی كۆكس ..... 16

كشتوكاڵ و ئاژەڵ ..... 17

پرۆژە ئاوێكان ..... 17

نەوت ..... 18

ئاواییەكان ..... 19

1- سەورە (مەعدانەكان) ..... 19

2- جدیدە ..... 19

3- حوسێن كوردی ..... 20

4- محەمەد سەلیم ..... 21

5- سەید موراد (زەنگنەكان) ..... 22

6- سەید مال اللە (خورمالو، سەید حاتەم). ..... 22

7- تەپە سەرای (خوشان) ..... 24

8- تەپە عەلی ..... 24

9- تەپە قەوی ..... 25

10- تەپە گزن ..... 26

11- رەحیم وەرقە ..... 27

12- سەید حوسێن. ..... 28

13- چاڵەو رەش ..... 29





14- چاڵەو سورك ..... 30

15- سالم (شێتەكان) ..... 31

16- چەتاڵ ..... 32

17- یەڵانچی (پیرە فەقیرە) ..... 33

18- گومار (مەحمود فاتە، عومەرئاغاجان) ..... 34

19- ئاوبارە ..... 35

20- شێخ لەنگەر گەورە ..... 36

21- شێخ لەنگەر بچووك (كۆن) ..... 38

22- بان ئاسیاو ..... 39

23- قەرەبڵاغ كۆن. ..... 40

24- سیامەڕۆ. ..... 41

25- قەرەبڵاغ خوار (بچووك، براحەمە). ..... 42

26- بان سنوق ..... 43

27- تازە شار. ..... 44

28- كۆكس. ..... 45

29- حاجی لەر ..... 46

30- حاجی حەسەن (شێڵان بچووك، جنگڵاوە) ..... 47

31- عەلی خەلەف (شێڵان گەورە) ..... 48

32- سەید مدری (چاڵەو خاڵد) ..... 49

33- سێتەپان ..... 50

34- لەلبن ..... 51

35- قج قرخ ..... 52

36- كوڵەجۆ ..... 53

كوڵەجۆ لە دوای 2003 ..... 55

مادەی 140 ..... 57
ئاوەدانکردنەوە ..... 58
ئەوانەی گەڕاونەتەوە ..... 59
ساڵی گەڕانەوە ..... 61
تەمەنی نموونەکان ..... 61
باری خێزانی نموونەکان ..... 62
ڕەگەزی نموونەکان ..... 63
پیشەی نموونەکان ..... 63
کێشەکانیان ..... 64
1- کێشەی تەناهی ..... 64
2-کێشەی خزمەتی. ..... 64
3- کێشەی ئابووری ..... 65
4-کێشەی زەوی ..... 66
5-کێشەی ئاوی کشتوکاڵ ..... 66
هۆی گەڕانەوە ..... 67
ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە ..... 68
تەمەنی نموونەکان ..... 68
باری کۆمەڵایەتی نموونەکان ..... 69
ڕەگەزی نموونەکان ..... 69
پیشەی نموونەکان ..... 70
شوێنی دانیشتن ..... 70
هۆی نەگەڕانەوە ..... 71
رای بەرپرسان ..... 72
زەوێکانیان ..... 76



چۆن دەگەڕێنەوە ..... 78
چەند راستیەك لەسەر زەوی ..... 79
1- ژمارەی خێزان ..... 80
2- ژمارەی موچەخۆر ..... 80
3- خزمەتی حوکمەتی. ..... 82
ئەنجامەکان ..... 83
راسپاردەکان ..... 84
چاوپێکەوتنەکان ..... 87
فۆرمی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو ماڵانەی گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان ..... 91
فۆرمی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو ماڵانەی نەگەڕاونەتەوە بۆ شوینی خۆیان ..... 92

## پێشەکی

هەفتەیەك بوو ئاواییمان چۆڵ کردبوو، لەو چەند ڕۆژەدا کە دەچووم بۆ قوتابخانە لە کفری ئارەزووی خوێندن و گوێگرتن لە مامۆستام نەمابوو، زۆربەی خویندکارانیش هاوحاڵم بوون، مامۆستاکانیش زۆر بێزارانە وانەیان دەوتەوە. هەندێجار بەرلەوەی دەوام تەواوبێ خویندنگەم جێدەهێشت ودەهاتمەوە. . . لە ڕێگە، لە ئاوایی چۆڵوهۆڵ دادەبەزیم، دەچومە ناوخانۆکان خۆمان، چەند سەعاتێك هەندێجار تانزیك خۆراوا بەگریان و چەند جگەرەیەك و دواندنی دارو دیوارو بەردو خۆڵ بەسەرم دەبرد.

لێرە دایکم چێشتی لێدەنا، لێرە نامان دەخوارد، تەلەفزیۆنەکەمان لێرەبوو، شەوانە چەندین سەعات لێرەدا پاڵەکەوتم و دەستم لەژێرسەرم دادەناو خەوم لێدەکەوت تا تۆماری سەردانەکانی ((سەرۆکی فەرمانده)) تەواوەبوو لە سەعات زیاتری پێدەچوو تادەستم دەجولاو بەخەبەر دەهاتم بۆ تەماشای ڕەجوا یان نەدیم یان الشهد والدموع یان بیت الحبایب یان هەر فلیمی تر. کاتێ ئەم حەوشەمان ئەکردە پاقلەو ئاوم ئەدا لێرە دادەنیشتم، چیرۆکەکانی ئیزۆپم لێرە خویندۆ، للحب وقت وللموت وقتیش لەوێدا هەندێجاریش لە سێوەر ئێوارەی خانوی میوانەکەدا... یەکەم گۆڤاری کوردی کە سەندم ڕۆشنبیری نوێ بوو شەوانە ئالێرەدا ئەمخویندەوە، لە خانوی میوانەکە کە خۆم کارەباکەیم داکوتابوو بۆ خویندنیش نەبوایە هەر شەش شەمعەکەیم دادەگیرساندو تەماشام دەکرد خۆم بە ئەدیسۆن نەئەگۆڕیوە. شەوانی هاوین تەلەفزیۆنەکەمان لێرە دادەنا، ئەو کچەی کە دەبێ بەدایکی منداڵەکانم (کە نەشبوو) لێرە دانیشت، خۆم کورسیم بۆی هێنا. . . . چەند چێژاوی بوو ئەو ساتانە.

دەچومە دەرەوە بۆ لای لۆدەکان سەر چەمەکە، لێرە بەدزیوە جگەرەم دەکێشا، فلتەرەکانی هێشتا ماون خۆ سەیر نیە، ئەگەرچی بیر لە سەدان ساڵ پێش ئێستا دەکەمەوە، بەڵام هەمووی چەند ڕۆژێکە ئەم شوێنە بۆتە چۆڵەوانی. نزیك خۆراوا دەچومەوە بۆ کەلار لەسەربانی ماڵی خزمێکمان دادەنیشتین ئەوەندە



خەفەتباربووم نەجارێ و نەدووجار، چەندین جار کە دەچوم بۆ ماڵ خزمەکەمان (ماڵ خۆمان) تیم ئەپەڕاندو ئاگام لێنەبوو تادەگەیشتمە شوێنێ کە دەبوایە هەڵبژێرم بە کاملادا بڕۆم، ئەوجا دەهاتمە هۆش خۆم و ئەمزانی کە ماڵ خزمەکەمانم جێهێشتوە.

کات چێشتەنگا بوو خەبەرم پێگەیشت کە ئەمڕۆ، ئێستا جەیش ها لە ئاوایەکەمان و خەریکن دەیڕوخێنن، سوار سەیارە بووم بۆ کفری لە ئاوایی دابەزیم دوو سەرباز بە پیرمەوە هاتن، من نەمدەزانی بۆچی دەڕۆم کە پرسیاریان لێم کرد زۆر هەوڵم دا عەسر بە چاومدا نەیەت و قوڕوی پڕ لە گریانم لە قسەکردندا دەرنەکەوێ بەڵام سودی نەبوو، نەیانهێشت لە جادە لابدەم و وتیان فەرمانمان پێیە بەس لە جادەی قیرەکە لابدەی گوللە بارانت بکەین. مەکینەیەکیان بۆم وەستان و لە بان چاملغ روو لە دوا سواربووم، شۆفڵەکانم لێ دیاربوو کە لە خانوی هاوسێکەمان بەربووبوون، چاوی پڕ فرمێسکم نەیبینی بەڵام دڵم ئاگای لێ بوو ئەوەتا گەیشتنە خانۆکان ئێمە و یەکەم خانو هینەکەی شەهابی بەرکەوت.

شەوەکەی کە هاتمە سەر نوسینی یادگاری ئەو ڕۆژە بۆم دەرکەوت کە ئەمڕۆ یادی لە دایك بوونی ((سەرۆکی فەرماندەیە)). لەوەو دوا بیرکردنەوەم لە چۆنێتی گەڕانەوە بۆ ئاوایەکەی خۆماندا چڕبووەوە، تەنانەت ڕقم لە بلۆك و گەچ و چیمەنتۆش بوو بە ئاواتی خانویەك بووم (هەتا ئەمڕۆش) ئەو کەرەستانەی تێدا بەکارنەیەت. ڕەنگە ئەوە هەستی هەزاران کوردی دانیشتوی سەدان ئاوایی روخاو بێت لە ساڵی 1987، لە خەیاڵ کێ ماندا بوو بواری گەڕانەوە بۆ ئاوایی لە جاران باشتر بێ و نەگەڕێینەوە؟ خەڵکی بێ خانو دەبێت بە شوێن خانودا بگەڕێ، ماڵ خەڵك و کرێچێتی بۆ دێنشین گەلێ زەحمەتە. حوکمەتی بەعس شوێنی بۆمان دیاری کردو یارمەتیشمانی دا چ لە رووی پارەوە چ لە رووی خزمەتەکانەوە، ئیشمان لە خانوی خۆمان دەکردو هیچ دڵ خۆش نەبوین پێی. زۆربەی پیاوان ئەوانەی پێشتر جاش بوون یان هارب بوون لە ئاوایەکان یان پێشمەرگە بوون کران بە عەسکەرو خۆت و بەختت کوێی ئەم عێراقە گەورەیەت بەردەکەوێ، مانگێ

هەفتەیەك مۆڵەتمان هەبوو وامان لێ هات سمودمان خۆشگەرەك بوو بەتاسەوە چاوەڕێی کاتی مۆڵەت بووین تا بێینەوە بۆ سمود کە هەموو جارێك بە بەراورد لەتەك جاری پێشودا پێشدەکەوت. گۆڕان لە ژیانی ژناندا لە رادەبەدەر بوو هەتا دوێکە بە جلی کوردی پیاوانەی چڵکنەوە خەریکی ناومالّ و جوتیاری و ئاژەڵداری بوون، ئەمڕۆ گشت ئەو ئیشانە نەماون، لە خانویەکی بچوکدا دەژین کە پاککردنەوەی گەلێك ئاسانەو دەتوانن هەمیشە بە پاکی و جوانی رایبگرن، ئەو کاتە زانیمان شارنشین بۆ ناومالّیان پاکە.

خەڵکی ئەو ناوچانەی نزیکبوون لە عەرەبەوە ژنیان وەك ژن عەرەب زۆر دەچەوسێنرایەوەو حسابی لە مرۆڤ کەمتری بۆ دەکرا، بواری چوونە دەرەوەی زۆر کەم بوو. لە سمود پیاو خۆشی بوایەو ترشی بوایە دەبوایە ژن و کچیان رۆژانە چەندین جار لە مالّ دەربچونایە بۆ هیچ نەبێ بۆ ئاو، ئاوهێنان لە بیری ئیرتیوازی ئیشی مێینە بوو. منداڵیش کوڕی ئەو رۆژەیە کە تێیدا دەژی دوێکەی لەبیر نیەو ئارەزوی گەمەکردنی هەیە، لە ئەوپەڕی ناخۆشی و نەهامەتیدا کە زگی برسیبوو نانی گەرەك دەبێت بۆی پەیداکەیت لە هەمان کاتیشدا خۆتیش برسیتەو لەڕوت نایە وەك ئەو هاوار بکەی. گەدە هەقی بەسەر نەهامەتێکانی ژیانەوە نیە و هەرکە خاڵیبوو دەبێت پڕبکرێتەوە، ئەوەیە نهێنی هەستانەوەی مرۆڤ لەدوای شکستەکانی رۆژگار، ئەوەیە نهێنی بەردەوام بوونی مرۆڤ لەسەر ژیان و خۆژیاندن سەرباری هەموو تەنگانەیەك.

بەدرێژایی مێژوو کورد ژێردەستە بووە، هەندێ حاڵەتی دەگمەنی لێدەرچێ حکومەتی نەبووە، هەمیشە کورد دژی حوکمەت بووە، حوکمەتەکانیشی هەمیشە لە نەتەوەکانی تر بووە بۆیە دژایەتی حوکمەت (بۆ هەر مەبەستێك بێت) بەچاوی رێزەوە تەماشاکراوە لەلای کوردان. ئەوەش بیانووی راستەقینەی هەبوو چونکە حوکمەتەکان هەمیشە دژی کورد جوڵاونەتەوەو هەمیشە دژی کوردان بوونە. لەدوای شەڕی کوێت و بەرپابوونی راپەڕین لەساڵی 1991 کورد بوو بە حوکمەت لە بەشێ لە کوردستانی عێراق. من لێرەدا ناچمە سەر



کارەکانی حوکمەت، تەنیا ئەوەندە ئێژم کە ئەزموونی ئەم حەڤدە ساڵەی حوکمەتی کورد ئەو تێڕوانینە هەزار ساڵەی کوردی بۆ حوکمەت پەرەپێدا لەکاتێکدا دەبووایە پێچەوانە بوایە.

زادەی بیری خۆم نیە واقیعی نەوەتەکان وابوو لەو بەناو دیموکراتیەدا کە هەبوو هاولاّتی کورد فێری بیرکردنەوەی سەربەخۆ نەبوو. چەند هۆکارێك رێگر بوون لەبەردەم دروست بوونی هاولاّتی کورد، هاولاّتی وەکو چەمکێك لە چەمکەکانی دیموکراتی. ساڵی 2003 ساڵێ سەیرو سەمەرە بوو لە مێژووی کورددا سەرەکیترین دوژمنی کورد لە کوردستانی عێراق بابردی، بێگانەکان وا پێشبینیان دەکرد کە گەلی کورد پەلاماری ناوچەی تکریت بدات و تۆڵەی ئەنفالیان لێبکاتەوە، کەچی کورد (تالاّنچێکان)چوونە ناوچە تەعریب کراوەکان و مالّ حوکمەتیان تالاّن کرد عەرەبی تەعریبیش وەکو خۆیان مانەوە. عەرەبەکان بەگشتی ناوچەکانیان چۆڵکردو وایاندەزانی کورد شوێنیان دەگرێتەوە کەچی کورد لەدوای تەواوبوونی تالاّنی گەڕانەوە ئەو شوێنانەی وا ((سەرۆکی فەرماندە)) لە دێرزەمانەوە بۆیانی دیاری کردبوو ئەوانیش وردە وردە گەڕانەوەو ئەوجا بەرەو ژوورتریش هاتن.

کوردی ناوچە تەعریب کراوەکان کە بەزۆری لە ئۆردوگادا دەژیان لەجیاتی ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، هاتن جوانترین خانویان لە ئۆردوگا دروست کرد، تو تەماشای قەشمەرجاڕی زەمانە بکە بەکورد، ساڵی 2003 ساڵی بە شار بوونی ئۆردوگاکان بوو ئەوانەی 20 تا 30 سالّ بەر لەو کاتە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دروستی کردبوو. حوکمەتی هەرێمیش هێندەی گیزەی مێشوولەیەك هەستی بە ترسناکی ئەم مەسەلەیە نەکرد ئەو بۆدجە گەورەیەی کە پریمەر بۆ پارێزگە و قەزاو ناحیەکان تەرخانی کردبوو، وەکو چۆن فەرمووبووی لەو شوێنانەدا خەرج کرا. کەس بیری بۆ ئەوە نەچوو کە ئەم پرۆژەی ئاوەڕۆ گەورەیە کە ئێستا لە سموددا دەکرێ دەبێتەهۆی جێگیر بوونی خەڵکەکەی و راکێشانی

خەڵکی تریش، بەرپرسان بیریان بۆ ئەوە نەچوو کە ئەو پارەیە دەیان گوندی وێرانی پێئاوەدان دەکرایەوە.

گشت عێراق دژی فیدراڵی و گەڕانەوەی کەرکوکن بۆ کوردستان و بە قسەو بە کردەوە دژایەتی کورد دەکەن و ئەوەی پێیدەوترێت شەقامی کوردی نوزەی لێوە نایەت، کەچی کە رۆژی لەدایك بوونی فاتیمەی زەهرا دەکرێتە رۆژی ژنانی عێراق پیاوانی قات شاڵ لەبەر هەندێ کچی سترێج لەپێ ئەدەن لەبەرو خۆیان پیشان ئەدەن دژی ئەو بڕیارە. وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمریکاش کە تێدەگات ئیمە کێین و چیمان دەوێ ئەوجا بۆ کپکردنی جەماوەری کوردو رێگرتن لە دروست بوونی ئەوەی پێیدەوترێت شەقامی کوردی و نەهێشتنی باوەڕی تاکی کورد بەکاری جەماوەری، دێ پرۆسەی رێفراندۆمان پێشکەش دەکات هەر کە زانی خەڵکی کوردستان تێدەگات ئێمە کێین و چیمان دەوێت لە توڕەبووندایە دەنگی رێفراندۆم بەرز دەبێتەوەو هیوایەکی ئەفسووناوی دەبەخشێتە تاکی کورد، دواتر تا ئەو کاتەی خۆی هەستەکات کە پێویستە بێدەنگی دەکات.

لەدوای ساڵی 2003 حوکمەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتی دامەزراندنی خەڵکی دەست پێکرد لە دەزگەکانی دەوڵەتدا وەکو ئەو کابرایەی مردنیش بە پارە نەبێ دەیکڕێ ئەمانیش لەبەر ئەوەی موچەیان لەکۆڵ بووەتەوەو لە بەغداوە دێت کەوایە ئاسابیە ئەگەر تەواوی گەل بکەنە موچەخۆر بێ گوێدانە دەرهاوێشتەکانی. خەڵکی کوردستان لەجیاتی بچن و خەریکی ئاوەدانی بن باس لە گەندەڵی حوکمەت دەکەن و فلان بەرپرس ئەوەی هەیە و فلان بەرپرس ئەوەی کردووە، لەجیاتی ئەوەی بیریان بۆ لای نیشتمان بچێ و بەرهەمیان هەبێ لە شاردا دانیشتوون و چاوەڕوانی سەری مانگن، هەتا دوێکە (نەوەتەکان) نانی جۆیان دەخوارد ئەمڕۆ سەدان هەزار دینار لەشتی پڕوپوچی (جوانکاریدا) خەرج دەکەن، لەجیاتی ئەوەی بچێت بۆ ئاوایی یان بە گژ حوکمەتدا بچێت بۆ کارەبا و ئاو دەچێت دینەمۆیەك دەکڕێ و بیری ئیرتیوازی لێدەدات (لەناو ماڵی خۆیدا)، لەجیاتی خانوی فراوانی جوان لە ناوچەی کشتوکاڵی وەك ئەوروپاو ئەمریکاو ئێران و تورکیاو



باقویە و رومادی، دێ لە 100مەتر دووجا خانویەکی کولانەئاسا دروست دەکات، لەجیاتی ناشتنی دارو گوڵ و سەوزی، حەوشەکەی تەنیا بەش سەیارەیەکی تێدا دەمێنێتەوەو گوڵی سەناعی دەکڕێ بۆ ناو ماڵ.

لام وانییە کە ئەو هۆکارانەی پاڵنەرم بوون بۆ دروست کردنی خانوی تازە لە ساڵی 2004 لەم بنەما باوە دەرم بێنن، عەبدوڵا گەرمیانیش تازە لە دروست کردنی خانو بووەتەوە لە سمود، فەرهاد سەمەدیش خەریکی دروست کردنی خانوی تازەیە لە کەلار. لەکاتێکدا هەرسێکمان (ئەوان منداڵ بوون) خەڵك ئەو ئاواییانەین کە لە ساڵی 1987 بە گریانەوە جێمان هێشت و دووانیشمان خەڵك ئەم ناحیەی کۆکسەین کە باسی دەکەین!!

دەمێکە بەتەمای دوو توێژینەوەم یەکیان لەسەر شوێنەوارە سایکۆ کۆمەڵایەتێکانی ئەنفال لەسەر تاکی کوردو ئەویتریان لەسەر کەسێتی تاکی کوردی گەرمیانی، هەندی ئیشیشم لەسەریان کردوە. تەمەڵی لەلایەك و کەمی یان نەبوونی سەرچاوە لەلایە دیکەو لەدوای ئەوانەش خەمی بڵاوکردنەوە ساردم دەکەنەوە، خۆش لەوەدایە رۆژنامە ئەهلیەکان کە هەمیشە لەسەر گەندەڵی دەنووسن بەشێوازی پێچاو پێچی گەندەڵکارانە نەبێت پێیان ناگەیت و نووسینت بڵاونابێتەوە. خۆزگە رۆژنامەیەك لە کوردستاندا دەرەچووبا هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی لەسەر بابەتەکە بوایە نەك ناوی نووسەر. سەرباری هەموو ئەمانە تۆقین و رەشبینی خۆم لە چارەنووسی ناوچە تەعریب کراوەکان و هاندانی دەزگەی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی لەپشتی ئەم توێژینەوەن. بەدوای هاوکارێکی پسپۆردا گەرام دەسم نەکەوت بۆیە وازم لە پسپۆر هێناو مامۆستا عەبدوڵا گەرمیانیم (دەرچوی خوێندنی ئیسلامیە) کرد بە هاوکار و لەدوای مانگێ ئیشکردن هەستمان کرد پیویستمان بەکەسی تریش هەیەو ئەوجا مامۆستا فەرهاد سەمەد (دەرچوی کشتوکاڵە) بوو بەکەسی سێیەم. مانگی تەموزی 2007 بوو کە دەسمان پێکرد، ئێستاش کە ئەم پێشەکیە دەنوسم مانگی مایسی 2008 ەو هێشتا ماومانە.

لەم توێژینەوەدا بەکورتی باسی گشت دێکانی ناحیەی کۆکس دەکەین و گرنگیەکی تایبەتی بە سەنتەری ناحیەکە دەدەین ئەوجار باسی هەندێ لە سامانە سروشتێکانی دەکەین و دواتر دێینە سەر باسی ئاوەدانی ناوچەکەو ژیانی ئەوانەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و کاریگەری باری سیاسی لەسەریان بەتایبەت مادەی 140 ی دەستوری عیراق دواتر باسی ئەوانە دەکەین کە نەگەرانەتەوە شوێنی خۆیان و لە کەلارو سمود دەژین، بۆ هەردوولاش فۆرمی تایبەتیمان ئامادە کردبوو، لەبەر ئەوەی ئیشەکانمان لەتەك مادەکەدا تێکەڵ نەبێ باسی مادەکەمان لە فۆرمەکەدا نەکردوە. رای بەرپرسانیشمان وەرگرتوە لەو بارەوە. لە کۆتاییشدا گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێك ئەگەرچی بە قوڵبوونەوە لە خشتەکان و بەراوردکردنیان دەیان ئەنجامی دیکەی لێهەڵدەهێنرێ، چەند راسپاردەیەکمانیش نوسیوەو باوەر مەکەن لە سەر مەریخەوە هێنابیتمان هەموی واقعین و شیاوی جێبەجێکردنن.

لەماوەی ئیشکردنماندا پرسیارمان لە دەیان کەس کردوەو ناوەکانیان وەکو سەرچاوە لە کۆتاییدا نوسیومانە، ئەو بەڕێزانە تێیاندا هەیە پرسیارێك یان دوانمان لێکردوە، تێیشیاندا هەیە چەند سەعات وتووێژمان لەتەکیدا کردوەو سوپاسی گشتیان دەکەین. ماوەتەوە زۆر سوپاسی ئەم بەرێزانە بکەین کە هەریەك بەگوێرەی توانای خۆی یارمەتیمانیدا کۆمپیوتەر گەورەترین کێشەی منە لە نوسیندا، مامۆستا محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم بۆمی ئاسانی کرد و زۆر تێیدا ماندو بوو، هەروەها مامۆستایان عەلی حەمە ساڵەح، هێمن محەمەد عەلی، نەجیب عومەر محەمەد لەهەمان بواردا یارمەتیان داین ومەمنونیانین، لە کۆتایی ئیشەکەدا مامۆستا نەجیب عومەرو مامۆستا مەحمودی خوێندکاران لە پیاسەی ئاواییەکانیشدا هاوکاربوون و سوپاسیان دەکەین.



چەندین شەو کە لە ماڵی ئێمە کۆدەبووینەوە خزمەتمانی کردوە، چەندین جار کە لە ئەرکەکانم بەرانبەر ماڵو منداڵ خۆم دزیوەتەوە بەخشندە بووە، فرەفرە لەخۆم زیاتر بەهیوای سەرکەوتنم بوو ە، بەرلە هەموو کەسێ و زیاتر لە گشت کەسێ سوپاسی تۆدەکەم. . . . . پەروین.

**سەلاّح شاکەلی**

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجمان دەرخستنی راستیێکانە لە بارەی ئاوەدانکردنەوەی ناحیەی کوکس وەکو نمونەیەك بۆ ئەو ناوچانەی تا 2003 بە دەستی رژێمەوە بووە هەروەها ئەو هۆکارانەی رێگرن لە پێش گەڕانەوەی کورد بۆ شوێنەکانی خۆیان لە کاتێکدا ئەو ناوچانەی عەرەب و تورکمانی لێیە ئاوەدان بوونەتۆ و کوردانیش لە کەلار و سمود و کفری و شارەکانی تر بە تەمای مادەی 140 ن. ئایە کورد ئارەزوی گەڕانەوەی نیە، یان حوکمەتی هەرێم یارمەتیان نادا، یان حوکمەتی هەرێم رێگرە لە بەردەم گەڕانەوەیان هەروەکولە کولەجۆ وا دێتە پێش چاو؟

## سنوری توێژینەوە

گەرچی لە سەرەتادا وا بە تەما بووین ناحیەکانی جەبارە و قەرەتەپە و کوکس و جەلەولاو قزرەبات بکەین بە سنوری ئەم توێژینەوە، بەڵام ئەوە توانای مادی و مرۆیی زۆری گەرەکە و لە سەروی توانای ئێمەوە بوو، بۆیە تەنیا ناحیەی کۆکسمان هەڵبژارد کە لە رووی جوگرافی و ئەمنیەوە لە گشتی ئاسانترە بۆ ئێمە. ناحیەی کۆکس سەر بەقەزای کفریە و 36 ئاوایی لەسەرە و ناوچەی گومار و هەندێ گوندی تر کە لە باکوور و باکووری رۆژئاوای ناحیەکە دانی لێدەرچێ ئەوانی تر بەناوچەی زەنگاباد ناسراوە.

## پرۆگرامی توێژینەوە

وەکو باوە لە توێژینەوەی زانستی پێویستە توێژەر پشت بە چەندین پرۆگرام ببەستێ و هەروەها سەرچاوەی نوسراو. ئێمە وامان نەکرد سەرچاوەی نوسراومان هەر بەکارنەهێنا، لە رووی مێژوویشەوە لەبەرئەوەی لە ساڵی 1987 مەبەستمان بوو پشتمان بە بیرەوەری خەڵکی ناوچەکە بەست لەوەش زیاتر پرۆگرامی رووپێوی مەیدانیمان بەکارهێنا واتە ئاواییەکان گشتی گەڕاین و وێنەمان گرت و فۆرمان دابەشکرد و پرسیارمان کرد.



## کێشەکانی توێژینەوە

1- بەر لە هەموو شتێ هەرسێکمان (توێژەران) مامۆستاین و پابەندین بە دەوام و ئەم کارەش سەردانی زۆری گەرەکە بۆ ئاواییەکان و فرەجار نەمانەتوانی دەوام جێبێڵین، بۆیە کاتی توێژینەوەکە زیاد لە پێویست درێژەی کێشا.

2- خەڵکی جیا جیا بەمەبەستی جیا جیا سەریان لە ئاواییەکان داوە، بۆیە هەندێ خەڵك بە گومان بوون لە مەبەستمان و زۆری پێدەچوو تا ئامادەی وەڵامدانەوە دەبوون.

3- لە کەلار و سمود خەڵك هەیە دێکەی بۆ بکە بە زێڕ ناگەڕێتەوە، هەیشە هیچ باوەڕی بە هاوکاری حوکمەت نەماوە، بۆیە هەندێ کەس ئامادەی پڕکردنەوەی فۆرمەکان نەبوون، گاڵتەشیان پێمان دەکرد.

4- وەك ئاماژەمان پێدا تەنیا سەرچاوەمان وەرگرتنی زانیاری بوو لە خەڵك و بەرپرسان، ئەوانیش هەندێجار وەڵامی وردیان پێ نەبوو.

5- وەرگرتنی وەڵامی چەوت بە تایبەتی لەوانەی نەگەڕاونەتۆ بۆ نموونە دەیوت خۆم زەوێکەم دەکێڵم کە دەچووینە ناو ئاواییش جوتیاری عەرەبی لەسەر بوو.

## ناحیەی کۆکس

ناحیەی کۆکس یەکێکە لە چوار ناحیەی قەزای کفری لە 25/ 10/ 1972 بە مەرسومی کۆماری ژمارە 461بوو بە ناحیە. لە رۆژهەڵاتۆ رووباری سیروان لە خانەقین جیای دەکاتەوە و لە باکوورۆقەزای کەلار و ناحیەی سەرقەڵای قەزای کفریە، لە رۆژئاواشەوە ناحیەی جەبارە و ناحیەی قەرەتەپەی قەزای کفریە، لە باشوریشۆناحیەی قەرەتەپە و ناحیەی جەلەولای قەزای خانەقینە.

ئەم ناحیە لەساڵی 1987 سی و شەش ئاوایی دەگرتە خۆ لەتەك کوردا کەمینەیە عەرەب و تورکمانیشی تێدا دەژیا. خەڵکەکەی بەگشتی خەریکی کوشتوکاڵی ئاوی و دەیمی و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون. زۆربەی ئاواییەکانی لەسەر جادە بوون و هەندێ خزمەتی وەکو کارەباو ئاو خواردن و قوتابخانەیان هەبوو.

لەبەر ئەوەی لە هەشتاکاندا شوێنی چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، زیاتر لەوەش لەکۆتایی ساڵی 1986 دەستی سوپای پاسداران گەیشتە کوڵەجۆ، ئەم ناحیەش وەکو ناوچەکانی تری کوردستان لە بەهاری 1987 بەر تەرحیل کەوت.

گەرچی ناو ناحیەکە کۆکسەو ئاوایی کوکسیش بەرلە راگواستن وەکو سیستمی شارەوانی زەوێکانی بەش کرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڵەجۆ لەسەر جادە بوو دانیشتوانیشی زۆر بوو، مەڵبەندی ناحیەکە لە کوڵەجۆ بوو.

### کشتوکاڵ و ئاژەڵ

بەهۆی چەندین پرۆژەی ئاوی کە لە سیروانەوە دێت و زەوێکانی ئەم ناحیەدەبڕێ، زۆر لە گوندەکانی کە پێشترکشتوکاڵی دەیمی لێدەکرا بوو بەئاوی و بەرهەمەکانیشیان تەنیا بۆ بەش بەحاڵی نەبوو، بەڵکو بەشێوەیە فراوان بازرگانی بوو بازاڕەکانی کەلار و کفری و جەلەولا و دورتریش پشتیان پێ دەبەست. لەم ناوچەدا وەك لە فۆرمەکانیشدا دەرەکەوێ بەرهەمی ئاوی وەکو دانەوێڵە (گەنم، مەرەزە، کونجی، گوڵەبەڕۆژە، پاقلە)بەرهەم دەهات سەرباری باخی میوە (پرتەقاڵ، نارنج، هەنار، زەردەلو، خورما)هەروەها بەرهەمی دالیە. وشەی دالیەش لێرەدا سەوزە دەگەیەنێ وەکو تەماتە، بامێ، باینجان، بیبەر، کولەکە، خەیار، کاڵەك، شامی. لەناو ئەمانەشدا شامی کوڵەجۆ ناوبانگی تایبەتی هەبوو.

لەو ناوچانەش کە ئاوی پێنەدەگەیشت بەدەیم گەنم و جۆو نۆك دەکرا و بەرهەمی باشیشی هەبوو. بەرهەمی ئاژەڵیش مەڕو مانگا بەخێودەکرا و لەهەندێ ئاوایی بەتایبەت دەیمەکان بزنیشیان هەبوو، کەچی مانگا لە ناوچە ئاوێکاندا زۆرتر بوو، مانگای کولەجۆ کاتی خۆی شۆفێرەکانیکەلار- بەغایان بێزار کردبوو.

### پرۆژە ئاوێکان



ڕوباری سیروان کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناحیەکەوە چەندین پرۆژەی لێوە دەرچوە و ئاواییەکانی ئەم ناحیەو ناحیەکانی قەرەتەپە و جەلەولا پاراو دەکات.

1- لقێك لە خوار گردە گۆزینەی قەزای کەلارۆ لە سیروان دەردەچێ و بەئاواییەکانی گێژەکان و هەردوو شێخ لەنگەر و قەرەبڵاغ کۆن و باناسیاو قەرەبڵاغ خواروسیامەڕۆ بەرەو ئاوبارە و گومار وتا نزیك یەڵانچی دەرژێتەکۆردەرە شۆرەوە، لێرە لقی بچوك بچوکی بۆ کراوە بەشێوەیەك زۆربەی زەوێکان پاراو بکا بەڵام ئاوی پێناگا لەبەر ئەوەی رۆژگار پریکردوە لەخۆڵ و پرۆژەکەش بەر لە کۆتایی شکاوە.

2- لقێك لە خۆرئاوایی گیژەکانۆ (ئەمیش سەر بەکەلارە)هەردوو شێخ لەنگەر دەبڕێت و بەرەو قەرەبڵاغ کۆن لەوێوە بۆ سیامەرۆ و لە قەرەبڵاغ خوارۆ دەڕژێتە چەمە شۆرەوە.

3- ئاوی کۆکس. لە گامێش گولی بەرانبەرقەرەبڵاغ خوارو دێت و بەرە و کوڵەجۆ و بان سنوق و سێتەپان و تازە شارو حاجی لەر و کۆکس و خوشان و حاجی حەسەن و عەلی خەلەف و سەید مدری و سەید موراد و دەرژێتە ناو چیمەنەوە.

4- ئاو قەرەتەپە. سەرچاوەکەی لە قەرەبڵاغ خوار ۆ لە سیروان دەرەچێ و بەرەو کوڵەجۆ لە نێوان لەلبن و کەڵان، قچقرخ، تەپەگزن، قوبە، عەکە، هۆدەلی، تەپە عەلی، تەپە قەوی، خوشان، گاخۆر، قەرەیاتاغ و دەچێتە قەرە تەپە.

5 — چەم حاجی. لە خوار قەرەبلاغ خوارو دەرەچێ بەرەو کوڵەجۆ و هەندێ زەوی ئەو ناوچە پاراو دەکات.

6 — مەینە تاوە. لە کوڵەجۆ لە سیروان دەرەچێ و بەرەو زەوی پاڵانێکان لە ناحیەی جەلەولا.

### نەوت

لە کۆتایی حەفتاکاندا حوکمەتی عێراق بە یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت هەڵمەتێکی پشکنین بۆ نەوتی لەم ناوچەیەدا بەرپا کرد. هەر لەو ماوەیەدا لە ناحیەی کۆکسیش نەوت دۆزرایەوە ئەویش لە ئاوایی چاڵە وخالد لە ساڵی 1978

بەڵام بە کار نەخرا و بنکەیەکی سەربازی لەسەر دانرا بۆ پاراستنی تا روخاندنی رژێم. لە 31 / 8 / 2006 وەزارەتی ناوخۆی حوکمەتی هەرێمی کوردستان بنکەیەکی پۆلیسی لەسەر دانا. دووجاریش کۆمپانیای بیانی هاتوونەتە سەری بەڵام پۆلیسەکان زانیاری زیاتریان لەسەر نییە.

خەڵکی ناوچەکە کەکاتی خۆی ئیشیان تێدا کردووەلە ئەندازیارانیان بیستووە کە هەر لەم نزیکانە بیری نەوتی تریش هەیە و بڕی نەوتەکەش گەلێ زۆرە. لە جەوەڵەکانی سید مدری و عەلی خەڵەف دوای ئەوەی پەینی ئاژەڵی بە سەر خۆڵدا ئەکەن و ئەیسوتێنن دەبێ بە گەچ و لە خانو کردندا بە کاری ئەهێنن.

## ئاوابیەکان

### 1- سەورە (مەعدانەکان)

ئاوابیەکی عەرەبنشین بەبێ ئەوەی زەوی کشتوکاڵیان هەبێ لە ناو سنوری تەپەقەویدا بەگامێش بەخێوکردن دەژیان خەڵکی رەسەنی ناوچەکە نەبوون، بەڵام لەوەش ناچێ لەتەك پرۆسەی تەعریبدا هاتبن مێژوی هاتنیان لەوە کۆنترەو سەربە عەشرەتی ئالعەزەن. لە دوای ساڵی 2003 خاوەن زەویکانی ئەو ناوچە دەریانیان کرد. ئەمڕۆش هەندێکیان لە ئاوابی قەرەیاتاخی ناحیەی قەرەتەپەن، هەندێکیش لە ئاوابی خدرانی قەرەپەتە، هەندێکیشیان بەرەو خوار چوون.

### 2- جدیدە

دەکەوێتە سەر رێی کولەجۆقەرەتەپە نێوان هەردوو ئاوابی عەلی خەلەف و حاجی حەسەن لە ساڵی 1971 دروست کرا خەڵکەکەی عەرەبی دەهلەکی بوون و پێشتر دانیشتوی ئاوابی حاجی حەسەن بوون. لە ساڵانی 1975 — 1976 چۆڵیان کردوو چوونە عەلی خەڵەف لە ساڵی 1987 خەڵکی سەید حوسێن لە دوای روخاندنی ئاوابیەکەی خۆیان ئێرەیان ئاوەدان کردەوە بەبێ ئەوەی مافیان هەبێ



لە زەوییە کشتوکاڵیەکان تا ساڵی 2003 لەوێ بوون و پەیوەندی ئابووریشیان بە گوندە روخاوەکەی خۆیانەوە هەر هەبوو.

ئەم خەڵکەشپێکهاتەیەك بوون لە تورکمانی بەیات و عەرەبی عوبێدی و کوردی باجەڵان. لە دوای روخاندنی بەعس خەڵکیئاوابی حاجی حەسەن بە زۆر دەریانیان کرد بە قسەی خەڵکی (جدیدە) ش ئەو شوێنە زەوی عەلی خەڵەفە نەك حاجی حەسەن لەدوای دەرکردنیشیان شوێنەکەیان کەوتە دەست ئاوابی عەلی خەڵەف. شایانی باسە ئەم زەوییانەش گشتی میریە.

### 3- حوسێن کوردی

دێیەکی دەیمی دوورە جادە لە سەرەتای حەفتاکان بە بڕیاری حوکمەت و رازی بوونی خۆیان گوێزرانەوە بۆ شێخ لەنگەر خوار زەوێکانی خۆیانیش هەر دەکێلا لە دوای راپەڕین کورد زۆربەی زەوێکانیانی داگیر کرد. دانیشتوانەکەشی عەرەب و تورکمانی بەیات بوون ئەمڕۆش لە سمود و شێخ لەنگەرن. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

### رونکردنەوە لەسەر خشتەی ئاوابیەکان

سەرچاوەی رەسمیمان دەسنەکەوت لەبارەی ژمارەی خیزانی گوندەکان لەسالی 1987 بۆیە ئەوەی نوسراوە بیرەوەری خەڵکەو مەزەنەیەو بە بروای ئێمە نزیکە لە راستیەوە. لەخانەی نەتەوە کامەیان لەوەی تر زۆرتربێ ئەوەمان پیشخستوە لەناو ئەو نەتەوەشدا کام عەشرەت لەگشتی زۆرتر بی ئەومان لەسەرەتا داناوە دواتر ئەوانیتر بە گوێرەی ژمارەیان هەر عەرشەتیکیش لەو گوندەدا هەبێ نوسیومانە ئەگەر یەك مالیش بێ. ژمارەی جوتیارو دۆنم لە فەرمانگەی کشتوکالی کفری وەرمانگرت، ئەگەر نەبی مانای وایە زەوی ئەو دێیە تاپۆیە واتە ژمارەکان تایبەتە بەو جوتیارانەی گرێبەندیان لەتەك حوکمەتدا هەیە.

لە هەندێ ئاوابی ژمارەی جوتیار لە ژمارەی خێزان زیاترە لەبەر دووهۆ یەکەمیان لە ئاوابیدا جاران کە دەوترا ماڵ فلان کەس بەیەك مال دەژمێردرا ئەگەرچی چەند کورێکیشی ژنیان هینابیتو وەکو جوتیار گرێبەندیان لەتەك

حوكمەتدا بەستبێ. دووەم هەندی لە جوتیاران خەڵك دێیەكن و لە دێیەتر زەویان وەرگرتوە. لەخانەی بەرهەمی كشتوكاڵی و ئاژەڵی بەگوێرەی قسەی خەڵك ئاواییەكە كامە بەرهەم زیاتر گرنگی پێدرابی ئەوەمان پیشخستوە. لە خانەی یەكەم تا دەیەم تایبەتە بەسالی 1987 سێ خانەی كۆتاییش سالی 2007ە لەمانگ دووی 2008 سەردانی گوندەكانمان كردو ئەو گۆڕانەمان نەبینی شایانی باسكردن بێ. لە خانەی خیزانی عەرەب مەبەستمان ئەو عەرەبانەن كە خەڵكی ئەودێ نین و بۆئاژەڵ بەخێوكردن یان جوتیاری یان بازرگانی یان ترس لەتیرۆریستی ناوچەكانی خۆیان یان بۆ هەر مەبەستی تر هاتون بۆ ئەو ئاواییە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**ئاوایی حوسێن كوردی لە سەرەتای حەفتاكانە ساڵی** 2007

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 20 |
| نەتەوە | عەرەب |
| عەشرەت | بەیات |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵكایەتی | میری/ تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 6 |
| ژ. دۆنم | 45 |
| ب. كشتوكاڵی | گەنم / جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ / بزن |
| خزمەتی حوكمەتی | نیە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | نیە |
| خزمەتی حوكمەتی | نیە |



4- **محمد سەلیم**

دەكەوێتە سەر جادەی كوڵەجۆقەرەتەپە، **محمد** سەلیم خۆی و شەش حەوت كوڕی تێدا دەژیان لە سەرەتای هەشتاكان چۆڵیان كرد و وەكو عەرەبی تەعریب چوون بۆ كەركوك.

5- **سەید موراد** (**زەنگنەكان**)

دەكەوێتە سەرجادەی كوڵەجۆ قەرەتەپە لە مانگییەكی 1987 واتا بەر لە تەرحیل بە سێ مانگ چۆڵیان كرد. سی ماڵی تێدا بوو، سی جوتیاری هەبوو، هەر یەكە و 30 دۆنمی بەر كەوت بوو لە زەوی ئاوی. هیچ خزمەتێكی حوكمەتی تێدا نەبوو خەڵكەكەشی كە لە عەشرەتی زەنگنە بوون چوون بۆ ناو زەنگنە لەسەر ئاوە سپی كە ئەوكات ناوچەیەكی ئازادكراوی ژێر دەستی پێشمەرگە بوو. ئەمڕۆش كەسیان نەگەڕاوەتەوە زەویكانیان بە بەیاری ماوەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

**خشتەی ژمارە (2) ئاوایی سەید مراد لە ساڵی1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 30 |
| نەتەوە | كورد |
| عەشرەت | زەنگنە |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵكایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 30 |
| ژ. دۆنم | 30 |
| ب. كشتوكاڵی | دانەوێڵە، دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوكمەتی | قوتابخانە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | نیە |
| خزمەتی حوكمەتی | نیە |

**6- سەید مال الله (خورمالو، سەیدحاتەم).**

ئاوایيەکی عەرەب نشینی دووره جاده هەشت ماڵی تێدا بوو لەعەشرەتی سەیدی سومەیدعی، پەیوەندی پتەویشیان لەگەڵ کوردی چواردەوردا هەبوو تەنانەت لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشدا، زەوێکانیان دەیمیە و تاپۆی بەگزادەی جافە، گەنم و جۆیان دەوەشان مەڕ و بزن و مانگاشیان هەبوو، هیچ خزمەتی حوکمەتی تێدا نەبوو. لە دوای روخان روویان کردە ناوچەی شێخ باوە کە ناوچەیەکی کوردی تەعریبکراوە لە ناحیەی جەلەولا. بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

**خشتەی ژمارە (3) ئاوایی سەید مال الله لە ساڵی 1987 لە ساڵی2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 8 |
| نەتەوە | عەرەب |
| عەشرەت | سومیدع |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | تاپۆ |
| ژ. جوتیار | |
| ژ. دۆنم | |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | نیە |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |



**7- تەپە سەرای (خوشان)**

ئاوایيەکی عەرەب نـشینی دووره جادەیـە حـەوت مـاڵی نعێمـی تێـدا بـوو زەوێکانی ئاویەوتاپۆ و میریشی تێدایە (14) چواردە جوتیاریان هەبوو هەریەکە و 34 دۆنمیان بەرکەوتبوو، جادەیەکی چەو رێژی تایبـەتیان بـۆ کـرا بـوو. لەسـاڵی 1987 روخاو لە سەرەتای نەوەتەکان بە رازی بوونی حوکمەتی بـەعس گەڕانـەوە شوێنی خۆیان، لە ساڵی 1997 سێ کەسیان لە عەشرەتی زەنـد کوشـت و رایـان کرد بۆ ناوچەی تکریت. بڕوانە خشتەی ژمارە (4).

**خشتەی ژمارە (4) ئاوایی تەپە سەرای لە ساڵی 1987 / لە ساڵی2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 7 |
| نەتەوە | عەرەب |
| عەشرەت | نعیمی |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 14 |
| ژ. دۆنم | 34 |
| ب. کشتوکاڵی | دانەوێڵە، دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | جادە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | 4 |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |

### 8- تەپە عەلی

ئاواییەکی بیست ماڵە خەڵکەکەی لە عەشرەتی زەنگنە بووندوو ماڵی عەرەبی بەیاتیشیان لەگەڵدا بوو کە لەدوای روخان چوون بۆ خدران زەوێکانی ئاویە میری و تاپۆشی تێدایە (تاپۆکان هی ئاغاکانی زەنگنەیە) قوتابخانەی سەرەتاییان هەبوو. بڕوانە خشتەی ژمارە (5).

**خشتەی ژمارە (5) ئاوایی تەپە عەلی لە ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 20 |
| نەتەوە | کورد، عەرەب |
| عەشرەت | زەنگنە، بەیات |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 34 |
| ژ. دۆنم | 20 |
| ب. کشتوکاڵی | دانەوێڵە، دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | 2 |
| خزمەتی حوکمەتی | بیر ئیرتیوازی |

### 9- تەپە قەوی

دەکەوێتە نزیك جادەی کفری — جەلەولا، خەڵکەکەی لە عەشرەتی زەنگنە بوون زەوێکانی ئاویەو میریەو تاپۆشی تێدایە (ئاغاکان زەنگنە) هیچ خزمەتی



حوکمەتی تێدا نەبووە، منداڵەکانیان لە ئاوایی سەورە دەیانخوێند. ئەمڕۆ یەك ماڵی گەڕاوەتەوە وسێ ماڵی عەرەبیشی تێدایە بیری ئیرتیوازیشی بۆکراوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (6)

**خشتەی ژمارە (6) ئاوایی تەپە قەوی ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 25 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | زەنگنە |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 2 |
| ژ. دۆنم | 32 |
| ب. کشتوکاڵی | دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 1 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 3 |
| خزمەتی حوکمەتی | بیر ئیرتیوازی |

### 10- تەپە گزن

ئاواییەکی دوورە جادە لەبەر سەختی هاتوچۆ بەهۆی پرۆژە ئاوێکان هەر لە ساڵی 1981 چۆڵ کرا بوو، کوردی زەندو زەنگنە و عەرەبی نعێمی تێدا بوو، زەوێکانی ئاویە و میری و تاپۆشی تێدایە (بابانێکان کفری).

بڕوانە خشتەی ژمارە (7)

**خشتەی ژمارە(7) ئاوایی تەپە گزن ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 14 |
| نەتەوە | کورد، عەرەب |
| عەشرەت | زەند، زەنگنە، نعێمی |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 14 |
| ژ. دۆنم | 25 |
| ب. کشتوکاڵی | دانەوێڵە، - دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا، مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 1 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 3 |
| خزمەتی حوکمەتی | نییە |

**11- ڕەحیم وەرقە**

ئاواییەکی دوورە جادە لەسەر سنوری جەبارەیە نزیکتر لە کفری تاکوکۆکس لە ساڵی 1987 (25)ماڵ دەبوو لە عەشرەتەکانی داودە و زەنگنە، زەوێکانی میریە و دەیمیە، هیچ خزمەتێکی حوکمەتی تێدا نەبووە لە دوای ساڵی 1991 بە بیری ئیرتیوازی کشتوکاڵی تێدا دەکرێ، ئەمڕۆ بامێی ڕەحیم وەرەقە وەك دوازدە ئیمام ناوبانگی هەیە لە گەرمیاندا. سەیر لەوەدایە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی (ی. ن. ك) دا، کارەبا بۆ ئەم گوندە و (سەید حوسێن) یش ڕاکێشرا. لە شوێنەواری دێکەیان ستوونو تەلی کارەبا بە تەواوی ڕاکێشراوە بەبێ ئەوەی یەك ماڵی بۆ گەڕابێتەوە، (5) پێنج ماڵی عەرەبی سەید حوسێن لێرە دەژین. بڕوانە خشتەی ژمارە (8).



**خشتەی ژمارە (8) ئاوایی ڕەحیم وەرقە ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 25 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | داودە، زەنگنە |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 13 |
| ژ. دۆنم | 102 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | 5 |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا |

**12- سەید حوسێن**

ئاواییەکی زۆر دوور لە جادە و دەسەڵاتی حوکمەت چل ماڵێك دەبوو لە عەرەبی زوبێدی و عوبێدی هەروەها کوردی ساڵەیی و باجەڵان و تورکمانی بەیات، زەوێکانیاندەیمی و میریە و بە ژمارە لە کشتوکاڵی کفری 46 جوتیاران هەبووە و هەر یەکەو 78 دونمی بەرکەوتووە. وەکو هەر ناوچەکی دەیمی تەنیا کشتوکاڵیان گەنم و جۆ بووە و تەنیا مەڕ و بزنیان بەخێوکردووە، ئاوی خواردن و قوتابخانەی سەرەتاییان هەبووە.

شایانی باسە لە دوای ڕووخانەکە چەن ماڵێکیان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان دواتریش بە بڕیاری قایمقامی قەزای کفری ئاوایی جدیدەیان ئاوەدانکردەوە وتا

2003 بە دوو بنەیی دەژیان. کە پرسیار نەتەوە و عەشرەتمان کرد ژنێك پێمانی وت: (تالەو دیو بیمان پێمان ئەوتن کورد لەناو کوردیشا پێمان ئێژن عەرەب لەڕاستیشدا خۆمانیش گومان کردیە). لە راستیشدا هەتا خۆیان نەتەوە و عەشرەتیان باس نەکەن تۆ نازانی چین، عەرەبی و تورکمانی دەزانن و لەوەیە تەنیا لای ئەمان و هاوشێوەی ئەمان زاری راستەقینەی گەرمیانی مابێ دوور لە فش و فاڵی لاسایی کردنەوەی ئەملاو ئەولا. ئەمرۆش ئاواییەکی تەواو، بڕوانە خشتەی ژمارە (9)

**خشتەی ژمارە (9) ئاوایی سەید حوسێن ساڵی 1987/ لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 40 |
| نەتەوە | عەرەب- کورد- تورکمان |
| عەشرەت | بەیات - زوبیدی- عوبێدی- سومیدعی- ساڵەیی- باجەلان- بەیات |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 46 |
| ژ. دۆنم | 78 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە- بۆڕی ئاو |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 30 |
| ژ. خێزانی عەرەب | **نییە** |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە- کارەبا- ئاوی، خواردنەوە |



## 13- چاڵەو رەش

ئەمیش زۆر دوور لە جادەیە لە نێوان سەید حسێن و حاجی عەوادی ناحیەی سەرقەڵا. (30) ماڵێك دەبوون لە جافی گەلاڵی زەوێکانیان دەیمیە و میریە و تاپۆشی تێدایە هی بەگزادەی جافە، بەرهەمیان گەنم و جۆ و مەڕ و بزن بوو. خزمەتی حوکمەتی هیچ تێدا نەبوو. هەر لە دوای راپەڕینەوە ئاوەدان کراوەتەوە ئەمڕۆ یازدە ماڵی تێدایە و قوتابخانە و ئاوی و خواردنەوەشیان هەیە، ستون و تەلی کارەباش ((بە بێ تەزوو)). بڕوانە خشتەی ژماری (10)

**خشتەی ژمارە (10) ئاوایی چاڵەو رەش ساڵی 1987/ لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 30 |
| نەتەوە | کورد- |
| عەشرەت | گەلاڵی |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | |
| ژ. دۆنم | |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | نییە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 11 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | نیوکارەبا- ئاو |

## 14- چاڵەو سورك

ئەمیش دوور لە جادەیە 36 ماڵی جافی تیلەکۆی تێدا بووە زەوێکانیاندەیمە و هەندێ ئاویشیان هەبووەو میریەو تاپۆی بەگزادەی جافیشی تیدایە (9) جوتیاریان هەبوو هەریەکە و 45 دەیم و 4 ئاویان بەرکەوتووە خەریکی دانەوێڵە و بەخێوکردنی مەڕو بزن بوون، قوتابخانەی سەرەتاییان هەبوو، لە دوای راپەڕینەوە ئاوەدان کراوەتەوە و، ئەمڕۆ 12 ماڵی تێدایە و قوتابخانەی سەرەتاییان هەیە و لەکاتی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی (ی. ن. ك) دینەمۆیەکی کارەبایان بۆ دابین کراوە و رۆژانە چەند سەعاتێك کارەبایان دەداتێ. بڕوانە خشتەی ژمارە (11)

**خشتەی ژمارە (11) ئاوایی چاڵەو سورك ساڵی 1987/ لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 36 |
| نەتەوە | کورد- |
| عەشرەت | تیلەکۆ |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 9 |
| ژ. دۆنم | 45 دەیمی، 4 ئاوی |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 12 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبای دینەمۆ، قوتابخانە |

**15- سالم (شێتەکان)**



لە ناوچەی گومارە و دوورە لە جادەوە (20) ماڵ دەبوون لە کوردی ساڵەیی و هەمەوەند و عەرەبی زوبێدی، شوێنەکەیان دەیمە و زەوێکەشیان میریە (26) جوتیاریان هەبووە هەریەکە و (60) دۆنمی بەرکەوتبوو بە چاندنی دانەوێڵە و بەخێوکردنی مەڕ و بزنەوە خەریك بوون، هیچ خزمەتی حوکمەتی پێ نەگەیشت بوو ئەمڕۆش کەسیان نەگەڕاونەتەوە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (12)

**خشتەی ژمارە (12) ئاوایی سالم ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 20 |
| نەتەوە | عەرەب، کورد |
| عەشرەت | زوبێدی، ساڵەیی، هەمەوەند |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 26 |
| ژ. دۆنم | 60 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | نییە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نییە |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | نییە |

**16- چەتاڵ**

یەکێ ترە لە ئاواییەکانی ناوچەی گومار و دوورە لە جادەوە، (17) ماڵێك دەبوون، لە عەشرەتی گێژ، زەوێکانیشیان میریە و دەیمە، (29) جوتیاریان هەبوو هەریەکەو (78) دۆنمی بەرکەوتبوو، بەچاندنی دانەوێڵە و بە خێوکردنی مەڕو

بزنەوە خەریك بوون، ئاوی خواردنیان هەبوو، ئەمڕۆش تەنیا مام ساڵەح و کوڕەکەی گەڕاونەتەوە و هیچ خزمەتی حوکمەتیان پێ نەگەیشتووە.
بڕوانە خشتەی ژمارە (13)

**خشتەی ژمارە (13) ئاوایی چەتاڵ ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 17 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | گێژ، زەنگنە |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 29 |
| ژ. دۆنم | 78 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | ئاویخواردنەوە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 2 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | نییە |

**17- یەڵانچی (پیرە فەقیرە)**

دێیەکی تورکمان نشینی ناوچەی گومار(62) ماڵ دەبوون، لە عەشرەتی بەیات زەوێکانیان میریە و دەیمیە، 86 جوتیاریان هەبوو، هەریەکە و (60) دۆنمی بەرکەوتبوو، بە چاندنی دانەوێڵە و بە خێوکردنی مەڕ و بزن و مانگاوە خەریك بوون، بیرێ ئیرتیوازیان هەبووە ئینگلیزەکان لە سەردەمی پادشایەتی کرد بوویان



قوڵاییەکەی (200) م دەبوو، لەبەرئەوەی لەوە کەمتر ئاوی شیرین ناهێنێ، کارەبا و قوتابخانەی سەرەتاییان هەبوو، مناڵانی چەتاڵیش لێرە دەیانخوێند، لەدوای راپەڕینەوە لەدیوی باکوری پرۆژەی ئاوەکە (مشروع) پازدە ماڵێك گەڕابوونەوە،

ئەمڕۆ تەنیا دوو ماڵیان گەڕانەتەوە شوێنەکانی خۆیان و تەنیا بیری ئیرتیوازیان هەیە کە بەکارناهێنرێت لەبەرئەوەی ئاوەکەی شۆرە، بۆ دابینکردنی خزمەتیش ناحیە داوای ئەوەیان لێدەکات بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، شایانی باسە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردو کوردانی ناوچەکە خەریکبوو زەوێکانیان داگیر بکەن ئەوانیش لە رێگەی بەرەی تورکمانیەوە دەنگیان گەیشتە مام جەلال و ئەو نیازە کۆتایی هات. بڕوانە خشتەی ژمارە (14)

**خشتەی ژمارە (14) ئاوایی یەڵانچی ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 62 |
| نەتەوە | تورکمان |
| عەشرەت | بەیات |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 86 |
| ژ. دۆنم | 60 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا، ئاوی خواردنەوە، قوتابخانە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 15+2 ماڵ لە نزیك مەشروعەکە |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | بیرئیرتیوازی |

**18- گومار (مەحمود فاتە، عومەر ئاغاجان)**

ئەمیش ئاواییەکی دورە جادەی (17) ماڵە، خەڵکەکەی لە عەشرەتەکانی گێژە و زەنگنە بوون، زەوێکانیان دەیمیە و میریە، (21) جوتیاران هەبووە و هەریەکە و (70) دۆنم زەویان هەبووە، بەرهەمیان گەنم و جۆ مەڕو بزنو مانگا بوو، کارەبا و ئاوی خواردنەوەیان هەبوو، لە نەوەدەکان ئەمانیش لە دیوی باکووری پرۆژەکە چەندماڵێکیان گەڕابوونەوە، چونکە ئەمان و یەلآنچیش نزیك رەبایەی کوشك بوون ئەویش بنکەیەکی سەربازی لێبوو هەر بۆ خۆشی بە چوار دەوری خۆیدا تەقەی دەکرد، ئەمرۆ تەنیا یەك بنە رانیان ماوە و ئەو دواکەیان گەڕانەوە بۆ سمود و سێ ماڵی عەرەبیش لەشوێنەکانیاندان، شوێنە رەسەنەکەی خۆیانیش چۆڵ و هۆڵە. بڕوانە خشتەی ژمارە (15)

**خشتەی ژمارە (15) ئاوایی گومار ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 17 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | گێژ، زەنگنە |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 21 |
| ژ. دۆنم | 70 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم، جۆ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | ئاوی خواردنەوە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 1 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 3 |
| خزمەتی حوکمەتی | نییە |



**19- ئاوبارە**

گوندێ تری ناوچەی گومارە و چارەکە سەعاتێ رێگەیە خۆڵێن ئەیبەسێتە قەرەبلآغی خوارەوە لەسەر رێگەی کەلار — جەلەولا، (33) ماڵ دەبوون لە کوردی زەنگنە و گێژ هەروەها عەرەبی زوبێدی نعێمی و عوبێدی، زەوێکانیان دەیمیە و میریە، 35 جوتیاریان هەبوو هەریەکە و 70 دۆنمی بەرکەوتبوو، بەهەمان شێوە ئەمانیش خەریکی چاندنی گەنم و جۆ و بەخێو کردنی مەڕ و بزن و مانگا بوون، قوتابخانەی سەرەتایی و ئاوی خواردن و کارەبایان هەبوو، ئەمرۆ 12ماڵیان گەڕاوەتەوە کە زۆربەیان عەرەبن، ئەوەی جێگەی سرنجە و بەهۆی تێکەڵ بوون لێرەو لە شوێنی تریش کوردەکانیش رەنگی عەرەبیان هەڵگرتووە، قوتابخانەیەکیان هەیە کە لە ناو ماڵی خەڵکدایە، بیری ئیرتیوازیان بۆ کرا بەڵآم تەواو نەکرا. بڕوانە خشتەی ژمارە (16)

**خشتەی ژمارە (16) ئاوایی ئاوبارە ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 33 |
| نەتەوە | عەرەب، کورد |
| عەشرەت | زوبێدی، نعێمی، عوبێدی، زەنگنە، گێژ |
| جۆری زەوی | دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 35 |
| ژ. دۆنم | 70 |
| ب. کشتوکاڵی | گەنم |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | ئاوی خواردنەوە، قوتابخانە، کارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 12 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا |

## 20- شێخ لەنگەر گەورە

گوندێکی گەورەی سەر ڕێگەی کەلار — جەلەولا و سەر ڕووباری سیروان زیاد لە 165 ماڵی تێدا بوو لە عەشرەتەکانی گل، زەنگنە، گەلاڵی، داودە، لەك، دەلۆ، جەباری، چنگنی، ڕۆژبەیانی سەرباری دوو ماڵی تورکمانی بەیات کە خۆیان بە زەنگنەش دادەنێن. زەوێکانیان دەیم و ئاویشە، میری و تاپۆی بەگزادەی جافیشی تێدایە. 56 جوتیاریان هەبوو هەریەکە و 45 دەیم و 4 ئاویان بەر کەوتبوو بەرهەمیان دانەوێڵە و دالیە و باخی میوە بوو، لە هەشتاکاندا باخی (پرتەقاڵ و هەنار و خورما و ترێ و هەنجیر و قۆخ و چنار و زەردەلو) تێدا زۆربووە کە ببوو بە مۆڵگەی پێشمەرگە لە 1987 کە هاتینە سمود لە خەڵکی شێخ لەنگەرمان بیستووە لەو کاتە کە سوپای بەعس بە شۆفڵ باخەکانی تەختە کرد فەرماندەکەیان کە مولازمی یەکەم بووە بە دیمەنی باخی هەنجێنراو لە ژێر دەمو تایەی شۆفڵ بە فەرمانی خۆی، هۆن هۆن فرمێسکی بۆ ڕشتووە! لەم ئاواییەشدا مەڕ و بزن و مانگاش بە خێودەکرا، کارەبا و قوتابخانەیان هەبوو ئەگەر ئەو ساڵە نەڕوخایە بڕیاری ناوەندیشی بۆ دەرچوو بوو.

لە ساڵی 1997 لە سەر بوجەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك ئاوەدان کرایەوە ئەمڕۆش 245 ماڵی تێدایە و 8 خێزانی عەرەبیش، کارەبا و ئاوی خواردن و بنکەی تەندروستی و سەرەتایی و دواناوەندیشی هەیە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (17)



**خشتەی ژمارە (17) ئاوایی شێخ لەنگەر گەورە ساڵی 1987/ لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 165 |
| نەتەوە | **کورد** |
| عەشرەت | **گل، زەنگنە، گەلاڵی، داودە، لەك، دەلۆ، جەباری، چنگنی، ڕۆژبەیانی، بەیات** |
| جۆری زەوی | **دەیمی، ئاوی** |
| موڵکایەتی | **میری، تاپۆ** |
| ژ. جوتیار | 56 |
| ژ. دۆنم | 45 **دەیمی** |
| ب. کشتوکاڵی | **باخ، دالیە، دانەوێڵە** |
| ب. ئاژەڵی | **مەڕ، بزن، مانگا** |
| خزمەتی حوکمەتی | **ئاوی خواردنەوە، قوتابخانە، کارەبا** |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 245 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 8 |
| خزمەتی حوکمەتی | **کارەبا، ب. تەندروستی، قوتابخانەی سەرەتایی، قوتابخانەی دواناوەندی، ئاوی خواردنەو** |

## 21- شێخ لەنگەر بچووك (کۆن)

لە باشوری شێخ لەنگەر گەورەیە و (60) ماڵی تێدا بووە، لە عەشرەتەکانی زەنگنەو گێژو گەلاڵی و پالانی و داودەو شەمێرانی، زەوێکانی میریەو دەیمی و ئاویە و تاپۆی بەگزادەی جافیشی تێدایەو (28) جوتیاریان هەبووە، ژمارەی دۆنمیش هەروەك شێخ لەنگەر گەورەوایە، هەروەها لە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵیش. کارەبا وقوتابخانەی سەرەتاییشیان هەبووە، ئەمڕۆش (104) ئەبن و کارەبا و قوتابخانەی سەرەتایی و ئاوی خواردنەوەشیان هەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (18)

**خشتەی ژمارە (18) ئاوایی شێخ لەنگەر بچووك ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 60 |
| نەتەوە | **كورد** |
| عەشرەت | زەنگنە، گێژ، گەلاڵی، پالانی، داودە، شەمێرانی |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵكایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 28 |
| ژ. دۆنم | 45 **دەیمی**4 ئاوی |
| ب. كشتوكاڵی | باخ، دالیە، دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 245 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |

22- **بان ئاسیاو**

دێیەكی گەورەی 106 ماڵی دەكەوێتە سەر ڕێگەی كەلار. جەلەولا، خەڵكەكەی لە عەشرەتەكانی زەنگنە گەلاڵی و هارونی، داودە، دەلۆ، باجەلان، لەك، گێژ لەتەك چەند ماڵێكی توركمانی بەیات كە لە بنەچەدا هەمەوەندن و لەسەر كێشەیەك لە ناوچەی خۆیان هەڵهاتوون بۆناو بەیات لەدەور سلێمان بەگ و قوڕیچایی، لەتەك ڕۆژگاردا لە ناسنامەشدا بوون بەیات، هەرخولی ڕۆژگاریش هێنانی بۆ بانئاسیاو.

زەوێكانی بانئاسیاو میریەو (54) جوتیاریان هەبووە و هەریەكەو (50) دەیم و (10) ئاوی هەیەو بەرهەمیشیان دانەوێڵە و دالیە و مەڕو بزن و مانگا بوو،



قوتابخانەو كارەبا و ئاوی خواردنەوەیان هەبوو، لە نەوەدەكان تاڕووحانی ڕژێم زاڵگەی پێشمەرگە لەم ئاوابیە بوو، واتا دواسنوری هەرێم بوون، بەو هۆیەوە خواردن و سوتەمەنی و دەیان شتی تر كە لەخوارەوە دەهات یان بەرەو خوار دەچوو، ئەم ئاوابیە ئیشی زۆر بوو ئەمڕۆش ئەم ئاوابیە و زۆربەی ئاوابیەكانی سەرجادەی كەلار كوڵەجۆ كۆگای شمەكی بازرگانی تێدایە، لەئێرانەوە شمەك دێنن و ڕەوانەی خوارەوەی دەكەن، ڕێژەیە بەرچاویش كرێكاری عەرەب هەیە ئیشی تێدا ئەكەن و ڕۆژانە هاتووچۆی ناوچەكانی خۆیان ئەكەن لە جەلەولا و خوارتریش، ئەمڕۆبانئاسیاو نزیكەی 25 ماڵ دەبێت زیاد لە نیوەیان عەرەبی بنەڕانن، كارەبا و قوتابخانەشیان هەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (19)

**خشتەی ژمارە (19) ئاوایی بان ئاسیاوساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 106 |
| نەتەوە | **كورد** |
| عەشرەت | زەنگنە، جاف، داود، دەلۆ، باجەلان، لەك، گێژ، بەیات |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵكایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 54 |
| ژ. دۆنم | 45 **دەیمی** 10 ئاوی |
| ب. كشتوكاڵی | دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 12 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 12 |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |

### 23- قەرەبلاّغ كۆن

ئەم ئاوايیە پێنج دەقەیەك لە جادەی كەلار- جەلەولاوە دورە دەكەوێتە رۆژئاوایی بانئاسیاو هەشتا مالّ دەبوو لە كوردی زەنگنە و دەلۆ و گەلاّلّی و عەرەبی‌نعێمی و زوبێدی و توركمانی بەیاتزەوێكانی میریەو هەردوو جۆرەكەی هەیە، 55 جوتیار یان هەبوو هەریەكەو (10) ئاوی و (50) دەیمیان بەركەوتبوو، بەرهەمیشیان دانەوێلّەو دالیەو مانگاو مەڕو بزنبوو، كارەبا قوتابخانەیان هەبوو. ئەمرۆ دوو مالّی تێدایەو هیچ شوێنەواری ژیاری سەدەی بیست و یەكی تێدانیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (20)

**خشتەی (20) ئاوایی قەرەبلاّغ كۆن سالّی 1987 / لە سالّی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 80 |
| نەتەوە | عەرەب، كورد |
| عەشرەت | زەنگنە، دەلۆ، گەلاّلّی، نعێمی، زوبێدی، بەیات |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵكایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 55 |
| ژ. دۆنم | 50 دەیمی10 ئاوی |
| ب. كشتوكالّی | دالیە، دانەوێلّە |
| ب. ئاژەلّی | مانگا، مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 2 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نیە |
| خزمەتی حوكمەتی | نیە |



### 24- سیامەڕۆ

ئاواییەكی 49 مالّی كەمێ لە جادەی كەلار — جەلەولا دوورە بەدیوی رۆژئاوادا خەڵكەكەی لە عەشرەتەكانی زەنگنە و جاف و دەلۆ و داودە بوون، زەوێكانی میریەو دەیمی و ئاویشی تێدایە 59 جوتیاریان هەبوو هەریەكەو (10) ئاوی و (50) دەیمیان بەركەوتبوو، بەرهەمیشیان دانەوێلّەو دالیەو مانگاو مەڕو بزنبوو، كارەباشیان هەبوو. ئەمرۆ كەسیان نەگەڕاونەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (21)

**خشتەی ژمارە (21) ئاوایی سیامەرۆ سالّی 1987 / لە سالّی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 49 |
| نەتەوە | كورد |
| عەشرەت | زەنگنە، ، جاف، دەلۆ، داودە |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵكایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 59 |
| ژ. دۆنم | 50 دەیمی10 ئاوی |
| ب. كشتوكالّی | دانەوێلّە، دالیە |
| ب. ئاژەلّی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | نیە |
| ژ. خێزانی عەرەب | نیە |
| خزمەتی حوكمەتی | نیە |

### 25- قەرەبلاّغ خوار (بچووك، برا حەمە)

ئەمیش لەسەر رێی كەلار- جەلەولایە، نزیكەی 90 مالّێك دەبوون لە عەشرەتەكانی جاف و (هارونی، عەمەلّە، گەلاّلّی) زەنگنەو گێژ و داودە و لەك.

زەویەکانی میریەو تاپۆی خێڵ براحەمەشی تێدایە. 60 جوتیاریان هەبووهەریەکەو 19 ئاوی و 15 دەیمیان بەرکەوتبوو، بەرهەمشیان دانەوێڵە و دالیەو مانگاو مەڕو بزنبوو، کارەبا و قوتابخانەیان هەبوو. ئەمڕۆ حەوت ماڵی گەڕاوەتۆ سەرباری 8 بنەڕانی عەرەبی، کارەبایان هەیەو دینەمۆی کارەباو ئاو خواردنی ناتەواویش.
بڕوانە خشتەی ژمارە (22)

**خشتەی ژمارە (22) ئاوایی قەرەبلاغ خوار ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 97 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | جاف، زەنگنە، داودە، لەك، گێژ |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 60 |
| ژ. دۆنم | 19 ئاوی |
| ب. کشتوکاڵی | دانەوێڵە، دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 7 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 8 |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا |

### 26- بان سنوق

لەکوڵەجۆ بۆ قەرە تەپە بانسنوق یەکەم ئاواییە بەدەستەچەبدا نزیکەی 100 ماڵ دەبوو لە عەشرەتەکانی جاف (عەمەڵە، یەسوجانی، شاتری) ، زەند،



زەنگنە، گێژ، داودە، هورمزیار). بەرهەمیشیاندانەوێڵەو دالیەو مانگاو مەڕو بزنبوو، کارەبا و قوتابخانەیان هەبوو. ئەمڕۆ شەش ماڵی گەڕاوەتۆ سەرباری یەك ماڵی عەرەب، تەنیا خزمەتی حوکمەتیش کارەبایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (23)

**خشتەی ژمارە (23) ئاوایی بان سنوق ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 100 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | جاف، زەند، زەنگنە، گێژ، داودە، هورمزیار |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 61 |
| ژ. دۆنم | 12 |
| ب. کشتوکاڵی | باخ، دالیە، مەرەزە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا، قوتابخانە، ئاوی خواردنەوە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 6 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 1 |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا |

### 27- تازە شار

دەکەوێتە رۆژئاوایی کوڵەجۆ لەسەر رێگەی کوڵەجۆ — قەرەتەپە 23 ماڵ دەبوو لە کوردی جافی میکایەڵی و گێژ و زەندو زەنگنەو داودە و هەمەوەند و و عەرەبی دەهلەکی. زەوێکەی هەر دوو جۆرەکەیە و موڵکایەتیشی میری هەیە و تاپۆی بەگزادەی جافیشی تێدایە 13 جوتیاری هەبوو هەریەکەوبەرکەوتبوو. بەکشتوکاڵی دانەوێڵەو دالیە و ناژەڵداریەوە خەریك ببون، کارەبا و ئاوخواردنەوەیان هەبوو.

ئەمڕۆ شەش ماڵی گەڕاوەتۆ لەتەك چوار بنەڕانی عەرەب و كارەبایان هەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (24)

**خشتەی ژمارە (24) ئاوایی تازە شار ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 23 |
| نەتەوە | كورد، عەرەب |
| عەشرەت | مكایەڵی، گێژ، زەند، زەنگنە داودە، هەمەوەند، دەهلەكی |
| جۆری زەوی | دەیمی، ئاوی |
| موڵكایەتی | تاپۆ |
| ژ. جوتیار | |
| ژ. دۆنم | |
| ب. كشتوكاڵی | دانەوێڵە، دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا، قوتابخانە، ئاوی خواردنەوە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 6 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 4 |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |

**28- كۆكس**

لەسەر هەمان ڕێی كوڵەجۆ- قەرەتەپە 88 ماڵ دەبوون لە كوردی جاف و (گەلاڵی، عەمەڵە) زەنگنەو عەرەبی دەهلەكی و حەدیدی و جواری. زەوێكەی هەردوو جۆرەكەیەو موڵكایەتێكەشی میریەو تاپۆی بەگزادەی جافیشی تێدایە. (53) جوتیاری هەبووە هەر یەكەو (14) ئاوی و (4) دەیمی بەركەوتبوو، بەرهەمیشیان دانەوێڵە و دالیە و مەڕ و بزن و مانگا بووە، قوتابخانەشی تێدابوو.



ئەمڕۆ 21 ماڵی بۆ گەڕاوەتەوە سیانیان كوردن و یەك بنەڕانی عەرەبیشی تێدایە قوتابخانەیان بۆكراوە و كارەباشیان هەیە و بیری ئیرتیوازیش بەڵام ئیش ناكا. بڕوانە خشتەی ژمارە (25)

**خشتەی ژمارە (25) ئاوایی كۆكس ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 88 |
| نەتەوە | كورد |
| عەشرەت | جاف |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵكایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 53 |
| ژ. دۆنم | 4 دیمی |
| ب. كشتوكاڵی | دالیە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ |
| خزمەتی حوكمەتی | قوتابخانە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 12 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 1 |
| خزمەتی حوكمەتی | كارەبا |

**29- حاجی لەر**

كەمێ لەڕێی كوڵەجۆ- قەرەتەپە لادەدا 70 ماڵێ دەبوون لە كوردی زەند و گێژ و داودە زەنگنە و عەرەبی كروی. زەوێكەی ئاویە و میریە، 43 جوتیاری هەبوە و هەریەكەشیان 34 دونمی بەركەوتووە، بەرهەمیشیان دانەوێڵە و دالیە و ئاژەڵ بووە. قوتابخانە وئاوخواردنەوەیان هەبوو. ئەمڕۆ شەش ماڵی گەڕاوەتەوە سەرباری 4 بنەڕانی عەرەب كە لە زیاد و كەمدان، كارەبایان هەیە وبیری ئیرتیوازی. بڕوانە خشتەی ژمارە (26)

خشتەی ژمارە (26) ئاوایی حاجی لەر ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 70 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | زەند، گێژ، داودی، زەنگنە، کەرەوی |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 43 |
| ژ. دۆنم | 34 |
| ب. کشتوکاڵی | دالیە، دانەوێڵە، باخ |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە، ئاوی خواردنەوە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 6 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 4 |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا، بیر ئیرتیواز |

**30- حاجی حەسەن (شێڵان بچووك، جنگڵاوە)**

لەسەر ڕێی کوڵەجۆ – قەرەتەپەیە نزیکەی 100 ماڵ دەبوون لە کوردی گێژ و گەڵاڵی و زەنگنە و داودە و عەرەبی دەهلەکی. زەوێکەی هەردوو جۆرەکە بوو موڵکایەتیەکەش میریە، 66 جوتیاریان هەبوو هەریەکە و 19 ئاوی و 3 دەیمیان بەرکەوتبوو بەرهەمیان وەکو هەموو ئاواییەکانی سەر ئەم خەتەیە، کارەبا و قوتابخانەیان هەبوو. ئەمڕۆ تەنیا 2 ماڵی گەڕاوەتەوە حاجی کەریم و کوڕەکەی، بیری ئیرتیوازیشیان بۆ کراوە وەکو ئەوانەی پێشتر ئیش ناکا. بڕوانە خشتەی ژمارە (27)



خشتەی ژمارە (27) ئاوایی حاجی حسن ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 90 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | زەنگنە |
| جۆری زەوی | ئاوی، دەیمی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 66 |
| ژ. دۆنم | 3 دیمی، 19 ئاوی |
| ب. کشتوکاڵی | دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مەڕ، بزن، مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە، ، ئاوی خواردنەوە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 2 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | بیر ئیرتیواز |

**31- عەلی خەلەف (شێڵان گەورە)**

ئاواییەکی عەرەبنشینی سەر ڕێی کوڵەجۆ قەرەتەپەیە لە ساڵی 1987 زیاد لە 80 ماڵ دەبوون لە عەرەبی دەهلەکی، کەمینەیە کوردی گێژ و ساڵەیی تێدا بوو لە هەشتاکاندا پەیوەندی بەهێزیان لەتەك هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هەبوو دیارە لەتەك حوکمەتیشدا خراپ نەبوون بۆیە بەر تەرحیل نەکەوتن، زەوێکانیان میریە و ئاوی و دەیمیشە 90 جوتیاریان هەبوو هەریەکەو 18 ئاوی و 10 دەیمیانبەرکەوتووە، بەرهەمیشیان دانەوێڵە و دالیە و مەڕ و بزن و مانگا بووە قوتابخانە و کارەبا و ئاوی خواردنیان هەبووە. ئەمڕۆ لە دەوری 240 ماڵدان قوتابخانە و خوێندنگە و کارەبا و نەخۆشخانەیان هەیە، پڕۆژەی پاککردنەوەی ئاویش بەڵام ئیش ناکا. بڕوانە خشتەی ژمارە (28)

**خشتەی ژمارە (28)ئاوایی عەلی خەلەف ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| **ژ. خێزان** | 83 |
| **نەتەوە** | |
| **عەشرەت** | دەهلەکی گێژ، ساڵەیی |
| **جۆری زەوی** | **ئاوی دەیمی** |
| **موڵکایەتی** | **میری** |
| **ژ. جوتیار** | 93 |
| **ژ. دۆنم** | 10 **دیمی،** 18 **ئاوی** |
| **ب. کشتوکاڵی** | دالیە، دانەوێڵە |
| **ب. ئاژەڵی** | **مەڕ، بزن، مانگا** |
| **خزمەتی حوکمەتی** | قوتابخانە، کارەبا، ئاوی خواردنەوە |
| **خزمەتی حوکمەتی** | ق. سەرەتایی خ. ناوەندی، بنکەی تەندروستی |

**32- سەید مدری (چاڵەو خاڵد)**

لەسەر هەمان ڕێی کوڵەجۆ – قەرەتەپەیە لە ساڵی 1987، 35 ماڵ دەبوون لە عەرەبی نعێمی و کوردی زەنگنە وداودە. سەید مدری کەسێکی پیرۆز بوو لە ناوچەکەدا ڕێزی زۆری هەبوو. ئەم سەیدانە لەسەر ڕێڕەوی قادرین خاوەن تەکیەن لە ئاواییەکەدا. لەبەر عەرەب بوونیان ئەم ئاواییە بەر تەرحیل نەکەوت زەوێکانیان میریە و هەردوو جۆرەکەی تێدایە و هەمان بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکانی ئەم ناوچەیان هەیە. لە ساڵی 1978 نەوت لەم ئاواییەدا دۆزراوەتەوە بەڵام تا ئێستا بەکارنەهێنراوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (29)



**خشتەی ژمارە (29) ئاوایی سە ید مدری ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| **ژ. خێزان** | 35 |
| **نەتەوە** | |
| **عەشرەت** | نعێمی، زەنگنە، داودی |
| **جۆری زەوی** | **ئاوی، دەیمی** |
| **موڵکایەتی** | **میری** |
| **ژ. جوتیار** | 30 |
| **ژ. دۆنم** | 25 **دیمی،** 20 **ئاوی** |
| **ب. کشتوکاڵی** | دالیە، دانەوێڵە |
| **ب. ئاژەڵی** | **مەڕ، بزن، مانگا** |
| **خزمەتی حوکمەتی** | قوتابخانە، ئاوی خواردنەوە |
| **خزمەتی حوکمەتی** | کارەبا، ق. سەرەتایی |

**33- سێتەپان**

ئاواییەکی دورە جادە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کوڵەجۆ 95 ماڵ دەبوون لە عەشرەتەکانی زەند و زەنگنە و گێژ و پاڵانی، زەوێکانی میریە و ئاوییە 71 جوتیاریان هەبوو هەریەکە و 15دۆنمی بەرکەوتبوو، بەرهەمیشیان دانەوێڵە و دالیە و مانگا بوو، قوتابخانە و کارەبایان هەبوو. ئەمڕۆ تەنیا 5 ماڵیان گەڕاوەتەوەو تەنیا کارەبایان هەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (30)

**خشتەی ژمارە (30) ئاوایی سێتەپان ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 95 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | پالانی |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 71 |
| ژ. دۆنم | 15 |
| ب. کشتوکاڵی | دالیە، دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە، کارەبا |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 5 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | یر ئیرتیوازی، کارەبا |

**34- لەلبن**

دەکەوێتە خۆرئاوای سێتەپان 25 ماڵێك دەبوون لە عەشرەتی زەند، زەوێکانی ئاویە و میریە و تاپۆی حەکیمە فەندی وەندادی خەڵکی کفریشی تێدایە، 20 جوتیاریان هەبوو هەریەکەو 15 دۆنمی پێدرا بوو بەرهەمیان دانەویڵە و دالیە و مانگا و مەڕ و بزن بوو، هیچ خزمەتی حوکمەتی پێنەگەیشتبوو. ئەمڕۆ پێنج ماڵ گەڕاونەتەوە لەتەك یەك بنەڕانی عەرەب، کارەبایان هەیە و بیری ئیرتیوازیش بەڵام ئیش ناکا. بڕوانە خشتەی ژمارە (31)



**خشتەی ژمارە (31) ئاوایی لەلبن ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 25 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | زەند |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 20 |
| ژ. دۆنم | 15 |
| ب. کشتوکاڵی | دالیە، دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا، مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | نیە |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 5 |
| ژ. خێزانی عەرەب | 1 |
| خزمەتی حوکمەتی | یر ئیرتیوازی، کارەبا |

**35- قج قرخ**

دێیەکی دوورە جادەی 10 ماڵی لە عەشرەتی زەند، بە قسەی خۆیان و خەڵکی تریش کەریم عەلاوی کە سەرگەورەی ئەم ئاوابیە بوو نەوەی راستەقینەی کەریم خانی زەند بوو. زەوێکانیان ئاویە و میریە، 25 جوتیاریان هەبوو هەریەکەو 12 دۆنمی بەرکەوتووە بەرهەمیان هەروەکو ئەوانی ترە، لەبەر هەر هۆیەك بێ بەر تەرحیل نەکەوتن، ئەمڕۆ سی ماڵێك دەبن حوکمەتی دیالە بینای قوتابخانەی بۆیان کردووە و حکومەتی هەرێمیش کارەبا و ئاو وخواردن. بڕوانە خشتەی ژمارە (32)

**خشتەی ژمارە (32) ئاوایی قچ قرخ ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 10 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | زەند |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری |
| ژ. جوتیار | 25 |
| ژ. دۆنم | 12 |
| ب. کشتوکاڵی | دالیە، دانەوێڵە |
| ب. ئاژەڵی | مانگا، مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | قوتابخانە |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا، ق. سەرەتایی، ئاوی خواردنەوە |

## 36- **کوڵەجۆ**

لە ساڵی 1975 لەدوای راگواستنی ئاوییەکانی خانەقین. دانیشتوانی ئەم گوندە بەزۆری لە عەشرەتی زەند بوون دواتریش عەشرەتەکانی جاف و زەنگنە و داودە و گێژ و پالانی، زەوێکانی گشتی ئاویە و 428دۆنمی میریە و دابەشکراوە بەسەر 107 جوتیاردا، هەریەکە و 4 دۆنمی پێدرا بوو، سەرباری بڕیَ زۆر کە تاپۆی هەندێ بنەماڵەکەی کوڵەجۆیین وەکو بنەماڵەی کوێخا غەنی.

کوڵەجۆ شارۆچکە بوو بازاڕ و دوکانی هەبوو، لەتەك بەپیتی زەوێکەی، شوێنەکەی لەسەر جادە بوو بەرهەمەکانی بە ئاسانی دەگەیشتە بازاڕی شارەکانی تر. بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵیان زۆر بوو، گشت خزمەتەکانی ناحیەکەشی تێدا بوو.



جادەی کەلار - جەلەولاکوڵەجۆ دەکاتە دوو کەرتۆ، لە ساڵی 1987 ئەودیوەی دەکەوێتە سەر سیروان روخێنرا و خەڵکەکەی هێنران بۆ سمود، دیوی رۆژئاواشی دوای ماوەیە دەرکردن، بوار دران بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەم دیوە لەتەك ئاوایی قەربلاغی خوار لە شوێنی خۆیان مانەوە تا ساڵی 1991 لە دوای کۆڕەویش گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژە ئاوێکان بە کوڵەجۆ و باکووری کوڵەجۆدا رەت دەبێو ئەو سەری دەگاتە دێ عەرەبەکانی قەرەتەپە، حوکمەتی عێراق رازی نەبوو کوڵەجۆ (سەرچاوەی ئاو) بە دەست کوردۆ بیَ. لە کاتی وتووێژەکانی بەرەی کوردستانی و بەعس لە ساڵی 1991 بڕیارێك لە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیوە هات کە لە بەغدا بوون، فەرمانیدا بە هێزی پێشمەرگە کە لە کوڵەجۆ بکشێنەوە ناحەزانی خاوەن ئەو بڕیارە بە تاوانیان دادەناو دەیانووت کوڵەجۆ فرۆشرا، دۆستانیشی دەیانووت مەرجی حوکمەت بووەبۆ بەردەوام بوون لەسەر وتووێژ. زۆر بەداخەوە ئەوە 17 ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا بەسەر چوو تا ئێستاش سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی رونکردنەوەی لەو بارەوە نەدا.

دیارە لە دەرهاوێشتەکانی ئەو بڕیارە بوو کە هەندێ لە کوڵەجۆییەکانجیا لەو هەموو خەڵکە ئاوارەی سمود، لە ساڵانی (1993-1994) بەئاوارە نوسرانو بایەعی تایبەتیان وەردەگرت، لەساڵانی (1997-1998) ژمارەیە زۆریان لە گەڕەکی شەهیدانی کەلار زەویان پیَ بەخشرا، بە چاوپۆشی حوکمەتیش دوو گەڕەکی لاڕێیان (تجاوز) لە کەلار دروستکرد، ئەمەش سەرباری هەموو کێشەکانی شارەوانی، خوێنڕژانی هاوڵاتیەکی کوڵەجۆییو پۆلیسێکیشی لێکەوتەوە. لەدوای راپەڕین کوردانی ئەو بەری سیروان تا نزیك جەوەڵ مرواری چووتەپەرۆ و عەرەبە تەعریبەکانیان دەرکرد، حوکمەتی بەعسیش هەندێ لەوانەی هێنا بۆ کوڵەجۆ و هەندێ ئاوایی تری ئەو نزیکە، خێڵی شێخ لایەری شروگی ((لای کورد بەشێخ لایت دەناسرا)) کوڵەجۆ و دەورەوبەری بەرکەوت، خێڵی عەمبەگی کە دانیشتووی نزیك حەمرین بوون حاجی لەر و حاجی حەسەنیان بەرکەوت، دەهلەکێکان عەلی خەلەفیش زەوی هەندێ ئاواییان دەکێلاّ، تاپۆیان بە هەندێکی داوە و بە هەندێ تریش دوای پرۆسەی ئازادی بەزۆر لێیانیان سەند.

خێڵی شێخ لایت خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون لە کوڵەجۆ لە خانوی فەرمانگە حوکمەتێکاندا دەژیان، لە ئاواییەکانیش هەندێ خانوی ناشرینیان دروست کردبوو وەکو شێوازی دێنشینی عەرەب کە هیچ گوێ بە پاکی و جوانی نادەن. شایانی باسە کە هەندێ لەکوردەکان لەدوای 2003 گەڕانەوە ئاواییەکانی خۆیانو خێڵی شێخ لایت هەڵهاتن، تا ئەمڕۆش لەو خانوە پیس و ناشرینانەدا دەژین و خانوی تازەیان دروست نەکردووە، وەك بێژی ئەمانیش بەشێوەیە کاتی لەو شوێنەدان. بڕوانە خشتەی ژمارە (33)

**خشتەی ژمارە (33) ئاوایی کوڵەجۆ ساڵی 1987 / لە ساڵی 2007**

| | |
|---|---|
| ژ. خێزان | 750 |
| نەتەوە | کورد |
| عەشرەت | زەند، جاف، زەنگنە، داودی، گێژ، پالانی |
| جۆری زەوی | ئاوی |
| موڵکایەتی | میری، تاپۆ |
| ژ. جوتیار | 107 |
| ژ. دۆنم | 4 |
| ب. کشتوکاڵی | دالیە، دانەوێڵە، باخ |
| ب. ئاژەڵی | مانگا، مەڕ، بزن |
| خزمەتی حوکمەتی | خوێندنگا، قوتابخانە، کارەبا، هەموو |
| ژ. خێزانی گەڕاوە | 46 |
| ژ. خێزانی عەرەب | نییە |
| خزمەتی حوکمەتی | کارەبا، قوتابخانە، خوێندنگا |



## کوڵەجۆ لە دوای 2003

دوای رووخانی رژێم خێڵەکەی شێخ لایت هەڵهاتن و ناوچەکەیان چۆڵ کردوو ئەو هەموو ناوچە بەو هەموو زەوییە کشتوکاڵیەوە بێ خاوەن مایەوە وا پێشبینی دەکرا کە خەڵکی ناوچەکە بەپەرۆشەوە بگەڕێنەوە و حوکمەتی هەرێمیش هاوکاری و پشتگیریان بکات. لەڕاستیشدا هیچ کامیان راست دەرنەچون ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی کوڵەجۆ لە دوای چەندین کۆبونەوە بڕیاریاندا بەشێوازی شارستانی کوڵەجۆ بنیات بنێنەوەو ئەوەی کوڵەجۆیی رەسەن نەبێ مافی گەڕانەوەی نەبێ بۆ کوڵەجۆ، ئەم بڕیارەش بەتایبەتی ئەوانە دەگرێتەوە کە لەدوای 1975 لەو بەر سیروانەوە هاتبوون (لەڕاستیشدا ئەم بڕیارە لەجێگای خۆیدابوو چونکە ئەوخەڵکە ناوچەکانی خۆیانیش ئازاد بوو دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانە) هەروەها داوای هاوکاریانیش کرد لە حوکمەت و حوکمەتیشبەڵێنی پێیان داو بنیاتنانەوەی کوڵەجۆی سپارد بە (کۆمپانیای دنە) ئەم کۆمپانیایەش شوێنی کەلاوەکانی تەخت کرد و نەخشەیان کێشاو ئیتر لێی وەستان بەقسەی خەڵکی کوڵەجۆش پارەی تەواویان وەرگرتووە بۆ ئەو پرۆژەیە کەچی تەواویان نەکردوو واش دیارە رایان کرد.

هەتا ئێستا 2007 کەسێك نیە راستی ئەو مەسەلەیە بزانێ. لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە ئایە بەچ شێوەیەك حوکمەت گرێبەند لەتەك کۆمپانیای بیانیدا دەبەستێت؟ لە چەند بەڵێندەرێکمان پرسیوە وتیان حوکمەت قوناغ بەقۆناغ لەتەك تەواوکردنی ئیشەکاندا پارە ئەداتە بەڵێندەر، لێرەدا پرسیارێ تر دێتە کایەوە ئەویش ئەوەیە کامە ئیشەکانی کۆمپانیای دنەیە هەتا دوو ملیار دینار وەربگرێ و رابکا؟ ئایا هیچ شێوازێکی قانونی نیە تاحوکمەتی هەرێم بەشوێن ئەو کۆمپانیا ئێرانیە دابچێ؟ ئەی بۆ ناچێ؟ بۆ ئەم پرسیارە وەڵامی تەماوی لای خەڵك هەیە.

ئەمڕۆ کوڵەجۆ 46 ماڵی تیایە و چەند جارێکیش خەڵك ویستویەتی خانو بکات بەڵام حوکمەت نەیهێشتووە بەبیانوی شێوازی شارستانی. لەدوای پێنج

ساڵ لە رووخاندنی رژێم کولەجۆ هەروەك خۆیەتی و هەر چاوەڕێی حوکمەتی هەرێم و شێوازی شارستانین. کولەجۆ هیچی کەم نیە لەئاو خزمەت و جادەو. . . هتد ئەگەر ئاوەدان بوایە دەبووە سەنتەرێك بۆ دەیان ئاوایی کورد لەو ناوچەیەو ئەوە ماوە 140 خەریکە تەواو دەبێ و ئێستا ئەگەر راپرسی بکرێ لەو ناوچانەدا ئەوە بێگومان عەرەب و تورکمان دەیبەنەوە و ئەو هەموو زەویانە لەدەست دەچێ و هێشتا خەڵك هەیە ئەوە بە تاوان نازانێ.

### **مادەی** 140

مادەی 140 مادەیەکە لە دەستوریعێراق کە تایبەتە بەناوچە تەعریب کراوەکان واتا ئاسایی کردنەوەی ئەو ناوچانە بە گوێرەی سەر ژمێری گشتی دانیشتوانیسالی 1957. بەگوێرەی ئەم ماددەئەو عەرەبانەی هێنراون بۆ کەرکوك 20 ملیۆن دیناریان پێدەدرێ و هەموو ئاسانکاریەکیش لەو ناوچانەی کەلێی هاتوون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە. 10 ملیۆن دیناریش بۆ ئەو کوردانەی بە زۆر دەرکران وەکویارمەتیەك بۆ گەڕانەوەیان بۆ کەرکوك.

لە قەزای کفری کە یەکێك بوو لە قەزاکانی کەرکوك و دواتر درا بەدیالی، ئەو ناوچانەی تا 2003 بە دەست رژێمەوە بوو کرا بەپێوەر و ماددەی 140 دەیانگرێتەوە. بەشی زۆریش لە ناحیەی کۆکس بە دەست رژێمەوە بوو بۆیە مادەکە گرتیەوە. لە سەرەتادا و تا ماوەیە زۆر خەڵك گاڵتەی بە مەسەلەکە دەهاتو پێدانی 10ملیۆن دینار بۆ هەر خێزانێك جێگەی باوەر نەبوو ئەمە سەرباری ئەوەی کە فۆرمی خۆراکەکەی دەچێ بۆ کەرکوك !

لێرەدا با بپرسین نهێنی گواستنەوەی فۆرمی بایەعی بۆ کەرکوك چیە؟ لە چ پارێزگەیەکدا فۆرمی بایەعی لە ناوەندی پاریزگە دابەش دەکرێ؟ چۆن دەکرێ کابرایەك لە ئاواییەکی کۆکس دابنیشێ و بایەعی لە کەرکوك وەربگرێ مانگی دەبێ چەندجار سەردانی کەرکوك بکا بۆ ئەو مەبەستە؟ لە سەرەتای 2007 بە هۆی دەنگۆی نەمانی فۆرمی بایەعی لە لایەك و لەلایەترەوە وا دەرەکەوێ



وەرگرتنی 10 ملیۆن دینار مەرجی گەڕانەوەی تێدا نیە بۆیە خەڵك بە پیریەوە چوو هەندێ شتیش لە ناو خەڵکدا (بە گاڵتە یان بە راست) بووە بە باو وەکو تەواوکردنی مامەڵەی 140 بە قۆنتەرات دەدرێ (ملیۆنێك یان دوو ملیۆن بۆ خۆت ئەگەر بۆم تەواو بکەیت و وەریبگرم !) خەڵك هەیە بە تەمای خانو کردنە لە کەلار و سمود بەو پارەیە !

ئەگەر ئەوبڕە پارە (10ملیۆن) قەرەبووە ئەوە هەموو کوردستان وێران کرا نەك هەر پارێزگەی کەرکوك، ئەگەریش یارمەتیە بۆ گەڕانەوە (کە پێویستە وابێ) ئەوە گرنتی چیە، ئەگەر نەگەڕایەوە؟ ئایە ئەو کەسانەی 10 ملیۆن دینار وەردەگرن و ناگەڕێنەوە و لە هەولێر و سلێمانی و کەلار خانوی پێ دەکەن چ پەیوەندیەکیان بەو خاکەوە دەمێنێ؟ لەکاتێکدا عەرەب زیاد لە هەر قۆناغێکی مێژوویی لە هەڵکشاندان بەرەو ژوور واتە بە شێوەیەکی ناواخنی لە مڕۆدا و ئاشکرا لە دوارۆژدا ئەو 10 ملیۆنە دەبێتە نرخی خاکەکە! ئایا سیاسێکانی کورد کە مادەی 140 بە دەسکەوتێکی گەورە دەزانن بۆ گەلی کورد ئاگاداری ئەم مەسەلانەن؟ چەرچڵیش وتویەتی وەی لەو سەرکردانەی دەستکەوتی خوێنی سەربازان لەسەر مێزی وتووێژ دەدۆڕێنن.

### ئاوەدانکردنەوە

بۆ تێگەیشتن لە باری ئاوەدانی ناحیەی کۆکس پێویستە بیکەین بە سێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** ئەو ئاواییانەیە کە بەر لە 2003 لە ژێر دەسەڵاتی حوکمەتی هەرێمدا بوو ئەوانەش لە هەردوو شێخ لەنگەر، بانئاسیاو، چاڵەوسورك، چاڵەوڕەش، سەید حسین، رحیم وەرقە، سەید مال الله ).

لە ناو ئەمانەشەدا هەردوو شێخ لەنگەر لە کۆتایی نەوەدەکاندا بە یارمەتی حوکمەتی هەرێم ئاوەدانکرانەوە و بان ئاسیاویش چەندین ساڵ قسەی لەسەر کراو هیچی بۆ نەکرا، سەید حسین و چاڵە سورك و چاڵە رەشیش خۆیان ئاوەدانیان

کردەوە، یەڵانچیش لەدیوی باکوری پرۆژەی ئاوی گردە گۆزینە —گومار خانویان کردبوو هەروەها هەندێ خەڵکی چەتاڵ و گوماریش سووکە ئاواییەکیان لەمبەری پرۆژەکەوە دروست کرد بوو، ساڵم و رەحیم وەرقە و سەید مال الله هەتا ئەمڕۆ ئاوەدان نەکراونەتۆ

**بەشی دووەم:** ئەو ئاواییانەیە کە نەڕوخابوون ئەوانیش شێڵان گەورە و سەید مدری و جدیدە کە عەرەبنشینن هەروەها قچ قرخ کە کوردن و تەپە سەرای کە عەرەب بوون. سەورەش کە لەسەر سنوری تەپە قەوی دروست کرا بوو دوای 2003 ئەوانیش بەرەو خوار بونۆ.

**بەشی سێیەم:** ئەوانەن کە لە دوای 2003 بورای ئاوەدانکردنەوەیان بۆ رەخسا ئەوانەش هەردوو قەرەبلاخ و، سیامەرۆ، کوڵەجۆ، لەلبن، سێ تەپان، تەپە قەوی، تەپە گزن، تەپە عەلی، بان سنوق، تازە شار، کۆکس، شێڵان بچووك، سەید مراد، ئاوبارە، چەتاڵ، ساڵم، گومار، یەڵانچی.

## ئەوانەی گەڕاونەتەوە

ئێمە بۆ زانینی باری ئاوەدانی ناوچەکە چوینە گشت ئاواییەکان، ئەوانەی نەڕوخابوون فۆرمان دابەش نەکرد و ئەوانەشی بەر لە 2003 ئاوەدان بوون بە چاوپۆشین لە ژمارەی ماڵەکان هەرەمەکی تەنیا یەك فۆرمان پرکردەوە بەڵام ئەوانەی دوای 2003 ئازادکران هەوڵماندا گشت ماڵەکان وەربگرین. تەماشای خشتەکانی ژمارە (34، 35، 36، 37، 38) بکە.

### شوێنەکانیان

لە هەندێ ئاوایی یان پیاویان لە ماڵ نەبوو یان هەر کەسێك کە زانیاری بزانێ دەست نەکەوتووەبۆیە رەنگە لە هەندێ ئاوایی ژمارەی فۆرمەکان لە ژمارە ماڵەکان کەمتر بێ. بڕوانە خشتەی ژمارە (34).



**خشتەی ژمارە (34) [1] ژمارەی نمونەکە لە هەر ئاواییەك رووندەکاتەوە**

| ئاوایی | ژمارە | ئاوایی | ژمارە |
|---|---|---|---|
| گومار | 1 | لەلبن | 3 |
| چەتاڵ | 1 | ئاوبارە | 4 |
| سەید حوسێن | 1 | حاجی لەر | 4 |
| چاڵە سورك | 1 | سێتەپان | 4 |
| چاڵەو رەش | 1 | بان سنوق | 5 |
| شێخ لەنگەر گەورە | 1 | تازە شار | 7 |
| شێخ لەنگەر بچوك | 1 | بانئاسیاو | 7 |
| تەپە قەوی | 1 | قەرەبلاغ خوار | 7 |
| قەرەبلاغ کۆن | 2 | کۆکس | 18 |
| حاجی حەسەن | 2 | کوڵەجۆ | 27 |
| یەڵانچی | 2 | کـــــۆ | 100 |

لە خشتەی ژمارە (34) دەرئەکەوێت کە دێکانی سەید حوسێن، چاڵەوسورك، چاڵەوڕەش، شێخ لەنگەر گەورە، شێخ لەنگەر بچووکبەر لە 2003 بورای ئاوەدانکردنەوەیان هەبوو بۆیە هەر بۆ زانین تەنیا یەك فۆرمان تێدا پڕکردەوە چەتاڵیش دوای 2003 تەنیا ماڵی مام ساڵەح و کوڕەکەی لێیە، گوماریش تەنیا بنەڕانێکی تیا ماوە، لە ئاواییەکانی تریش هەر ماڵێکمان دەسکەوتبێ بۆمان پڕ کردوّتەوە، بانئاسیاویش لەبەر ئەوەی سنوربوو گۆڕانیشی تیداروداوبوو حەوت فۆرمان پرکردەوە.

[1] لەبەر ئەوەی ژمارەی نمونەکانمان 100 دانەیە ریژەی سەدیان دەرنەهێنا چونکە دیارە ژمارەی وەڵامدەر چەندبوو ئەوە بۆخۆی رێژە سەدیکەشێتی.

## ساڵی گەڕانەوە

خشتەی ژمارە (35) ساڵی گەڕانەوەی نموونەکان دەرئەخات بۆ شوێنەکانی خۆیان وایش دیارە 11 ٪ نموونەکان بەر لە پرۆسەی ئازادی گەڕانەتۆ 89 ٪ یش دوای پرۆسەکە.

**خشتەی ژمارە (35) ساڵی گەڕانەوەی نموونەکان دەخاتە روو**

| ساڵی گەڕانەوە | ژمارە | ساڵی گەڕانەوە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| 1991 | 2 | 2003 | 56 |
| 1993 | 1 | 2004 | 17 |
| 1996 | 4 | 2005 | 7 |
| 1997 | 1 | 2006 | 6 |
| 1998 | 1 | 2007 | 3 |
| 1999 | 1 | | |
| 2000 | 1 | کـــۆ | 100 |

## تەمەنی نموونەکان

تەمەنی نمونەکانمان کرد بە شەش توێژەوە هەر توێژەی (10) ساڵ تەنیا دوا توێژ نەبێ (25) ساڵە لەبەر ئەوی رێژەکەیان کەمە، لە خشتەی ژمارە (36) دەرئەکەوێت کە کەمترین توێژی (66 — 80) یە زۆرترین توێژی (26 — 35) ە، ئەگەر توێژی (36 — 45) بخەینە سەر دەرئەکەوێت کە رێژەی گەنجان لە هەمووی زۆرترە.

بروانە خشتەی ژمارە (36)



**خشتەی ژمارە (36) تەمەنی نموونەکە رووندەکاتەوە**

| توێژی تەمەن | ژمارە |
|---|---|
| 25-16 | 13 |
| 35-26 | 27 |
| 45-36 | 23 |
| 55-46 | 13 |
| 65-56 | 18 |
| 80-66 | 6 |
| کـۆ | 100 |

## باری خێزانی نمونەکان

لە خشتەی ژمارە (37) باری کۆمەڵایەتی نموونەکان دەرئەخات لەهەموویشی زیاتر خێزاندارە کە رێژەی (83٪) ە بێوەژنیش لەگشتی کەمترە کە (3٪).

**خشتەی ژمارە (37) باری کۆمەڵایەتی نموونەکە دەخاتە روو**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە |
|---|---|
| سەڵت | 14 |
| خێزاندار | 83 |
| بێوەژن | 3 |
| کـــۆ | 100 |

## ڕەگەزی نموونەکان

خشتەی ژمارە (38) ڕەگەزی نموونەکان دەرئەخات هەندێ جار مەبەستمان بوو کە پیاو وەربگرینچونکە پیاو لەم جۆرەژینگەدا زانیاری زیاتری هەیە تا ژن.

**خشتەی ژمارە (38) رەگەزی نموونەکە دەخاتە روو**

| رەگەز | ژمارە |
|---|---|
| نێر | 60 |
| مێ | 40 |
| کۆ | 100 |

## پیشەی نموونەکان

خشتەی ژمارە (39) پیشەی نموونەکان دەرئەخات زۆرترین پیشەش ژن ماڵەکە (39٪) ە، واتا ئەو 40 مێیە کە لە نمونەکاندا هەیە تەنیا یەکێکیان مامۆستا بوو. هەروەها زۆری ڕێژەی کاسب و جوتیار و کەمی ڕێژەی فەرمانبەرو پولیس و پێشمەرگە ئەو راستیە ئاشکرا ئەکات (ئاوەدانکردنەوە لە توانای کێ دایە).

**خشتەی ژمارە (39) پیشەی نموونەکە دەردەخات**

| پیشە | ژنماڵ | کاسب | جوتیار | فەرمانبەر | پۆلیس | پێشمەرگە | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 39 | 24 | 22 | 8 | 2 | 1 | 4 | 100 |

هیتر = 2 خوێندکار، 1 خانەنشین، 1بێکار.



## کێشەکانیان

### 1- کێشەی تەناهی

لەخشتەی ژمارە (40) دا وا دیارە کە زۆرینەیان کێشەی تەناهیان نیەو 21٪ یش ترسیان لە تیرۆرست هەیە.

**خشتەی ژمارە (40) کێشەی تەناهی دەخاتە روو**

| کێشەی تەناهی | ژمارە |
|---|---|
| ترس لە تیرۆریست | 21 |
| لە عەرەب | 4 |
| لە کورد | 0 |
| لە دز | 4 |
| هیتر | 0 |
| نیە | 76 |

### 2- کێشەی خزمەتی

لە خشتەی ژمارە (41) دا دەرکەوێ کە نەبوونی ئاوخواردن گەورەترین کێشەیە، 74٪ نەبوونی نەخۆشخانەش 72٪ ئەم ڕێژەش ئەوە ناگەیەنی کە نەو دوو کێشە لە یەك ئاستدان، چونکەزۆربەی ئاواییەکان لەسەر جادەن و بەئاسانی دەگەنە نەخۆشخانە، بەڵام ئاوخواردن بەو ئاسانیە نیە. کارەباش کەمترین کێشەیە کە 9 ٪، 25 ٪کێشەی خزمەتیان نیە و ئەم ڕێژەش هەر هەمووی خەڵك ئاوایی کوڵەجۆن واتە کوڵەجۆ گشت خزمەتە حوکمەتێکانی هەیە.

**خشتەی ژمارە (41) كێشەی خزمەتی دەخاتە روو**

| كێشەی خزمەتی | ژمارە |
|---|---|
| قوتابخانە | 35 |
| نەخۆشخانە | 72 |
| شەقام | 22 |
| ئاوخواردنەوە | 74 |
| ئاوكشتوكاڵ | 30 |
| یارمەتی كشتوكاڵی | 20 |
| نیە | 25 |
| كارەبا | 9 |

### 3- كێشەی ئابووری

گەورەترین كێشەی ئابووری نەگونجانی نرخی بەرهەمە لەتەك تێچۆكەی 72٪ براوانە خشتەی ژمارە (42). ئەم كێشەش لە تەواوی كوردستاندا وەدیدەكرێ بەهۆی كرانەوەی بێ سنوری سنوری كوردستان لە روی بەرهەمی بێگانەدا.

**خشتەی ژمارە (42) كێشەی ئابوری دەخاتە روو**

| كێشەی ئابوری | ژمارە |
|---|---|
| نەگونجانی نرخو تێچوو | 72 |
| گەیاندنەبازار | 24 |
| ململانێی بێگانە | 5 |
| هیتر | 7 |
| نیە | 23 |

هیتر = 2 بەراز، 1 نەبونی زەویئاژەڵ، 1 نەبونی زەوی، 1 داخستنی سنور، 1 حوكمەت زەویمانی داگیركردووە بۆ پرۆژەی ئاو كۆكس.



### 4- كێشەی زەوی

90٪ نموونەكان كێشەی زەوی كشتوكاڵیان نیە، بەڵام ئەم كێشانە گەرچی كەمیش بن زۆر گرنگن و دەرهاوێشتەی زۆری لێدەبێتەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (43).

**خشتەی ژمارە (43) كێشەی زەوی كشتوكاڵی دەخاتە روو**

| كێشەی زەوی | ژمارە |
|---|---|
| لەتەك حوكمەت | 6 |
| لەتەك خاوەن موڵك | 1 |
| لەتەك هاوسێ | 3 |
| هیتر | 0 |
| نیە | 90 |
| كۆ | 100 |

### 5- كێشەی ئاوی كشتوكاڵ

لە خشتەی ژمارەی (44) دادەردەكەوێ كە 67٪ یان كێشەی ئاویان نیەو تەنیا 33٪ كێشەیان لە تەك حوكمەتدا هەیە. ئیشەكەی ئێمە لەمانگ هەشت و نۆی 2007 دابوو، لەدوای ئەوەكێشەی ئاو زەقتر سەری هەڵدا، واتە ئەگەر لە مانگ سێی 2007 پرسیارمان بكردایە ئەوە خەڵكی زیاتر كێشەی ئاویان دەبوو بەتایبەت ئەو گوندانەی دەكەونە سەر پرۆژەی كوڵەجۆ - كۆكس بەهۆی غەسالەیەك كە لەسەر سەرچاوەی پرۆژەكە دامەزراوە نایەڵێ ئاوەكە باش بگاتە دێكان.

**خشتەی ژمارە (44) کێشەی ئاو کشتوکاڵ ڕووندەکاتەوە**

| کێشەی ئاوکشتوکاڵ | ژمارە |
|---|---|
| لەتەك حوكمەت | 33 |
| لەتەك هاوسێ | 1 |
| لەتەك حاوەن موڵك | 0 |
| هیتر | 0 |
| نیە | 67 |

## هۆی گەڕانەوە

سەرەکیترین هۆ بۆگەڕانەوە بۆ ئاوایی نالەباری ژیانیان بووە لە شاردا 56٪، 51٪ ئاوەدانکردنەوەیانبە ئەرکێکی نیشتمانی داناوە بروانە خشتەی ژمارە (45) پێویستە بووترێ کە عەرەبەکان کۆکس و ئاوبارە بێ پێچ و پەنا ئەرکە نیشتمانێکەیان هەڵدەبژارد.

**خشتەی ژمارە (45) هۆی گەڕانەوەی نموونەکە ڕووندەکاتەوە**

| هۆی گەرانەوە | ژمارە |
|---|---|
| لەشار ژیانم باش نەبوو | 56 |
| ئەرکی سەرشانمە | 51 |
| هیتر | 1 |

هیتر= لە ترس تیرۆریستان لە بەغدا هەڵهاتم.



## ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە

خەڵکی ناوچەی کۆکس لەدوای 1987-1991 لە سمود و کەلار دەژین، ئەگەر ڕووپێومان بکردایە ئەوە هەر نەبێ لە هەزار فۆرم تێدەپەری، ئەوەش لە توانامان‌دا نەبوو، بۆیە بەشێوەیە هەڕەمەکی کەوتینە ناویان و 224فۆرمان دابەش کرد، جاری وابوو خۆمان پرسیارمان لێدەکرد و جاری واش بوو خۆیان پریان دەکردۆ.

هەندێ کەس بەگومانۆ ئەیان ڕوانیە ئیشەکەمان و وایان دادەنا کە ئێمەش (وەکو خەڵکی پێشتر) برە پارەیەکیان پێوەردەگرین، هەندێکشیان وەکو بەچکە پلیسیری (پەڕەسێلکە) بەتەمای شتێك بوون، چەندین کەسیش وەکو ئەرکی نیشتمانی دەهاتن بە دەنگمانەوە و ئامادەی گشت هاوکاریەك بوون.

## تەمەنی نموونەکان

بەهەمان شێوازی پێشو هەر دە ساڵ و بە توێژێکمان داناو لەبەر کەمیان دوا توێژ بەم شێوە دامانا (66-95). توێژی (26-35) لەگشتی زۆرترە کە 32٪، ئەگەر توێژی (36-45) بخەینەسەر کە 25، 8٪ بۆمان دەرەکەوێ کە توێژی لاوان لە هەمووی زیاترە، توێژی (66-95) کە 4٪ لەگشتی کەمترە، بڕوانە خشتەی ژمارە (46).

**خشتەی ژمارە (46) تەمەنی نموونەکە دەخاتە روو کە نەگەڕاونەتەوە**

| تــەمەن | ژمـــارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 25-16 | 26 | 11، 6 |
| 35 -26 | 72 | 32 |
| 45-36 | 58 | 25، 8 |
| 55-46 | 43 | 19، 19 |
| 65-56 | 16 | 7 |
| 95-66 | 9 | 4 |
| كـــۆ | 224 | 100 |

## باری کۆمەڵایەتی نموونەکان

خشتەی ژمارە (47) باری کۆمەڵایەتیان دەرەخات، واش دیارە کە خێزاندار لە گشتی زۆرترە کە ژمارەیان 193 کەسە و دەکاتە 86٪ نمونەکان، بێوە پیاویش کە یەك کەسە و دەکاتە 2، 0٪ نموونەکان لەگشتی کەمترە.

**خشتەی ژمارە (47) باری کۆمەڵایەتی نموونە نەگەڕاوەکان دەخاتە روو**

| باری خێزانی | مـــــارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵـت | 17 | 5 ،7 |
| خیـــزاندار | 193 | 86 |
| بێوەژن | 13 | 8 ،5 |
| بێوەپیاو | 1 | 2 ،0 |
| کـــــۆ | 224 | 100 |

## ڕەگەزی نموونەکان

ئێمە لە قاپیمان ئەدا و هەرکەسێ لایبدایە و وەڵامی پێبوایە بۆیمان پڕدەکردۆ، بە گوێرەی خووی کۆمەڵایەتی ناوچەکەش تا پیاو لەماڵ بێ ژن قاپی ناکاتەوە، بۆیە ژمارەی نێرینە کە 142 کەسە و دەکاتە (64٪) **نموونەکان** لە مێینە (80-36٪) زیاترە، بڕوانە خشتەی ژمارە (48).

**خشتەی ژمارە (48) ڕەگەزی نموونە نەگەڕاوەکان دەخاتە روو**

| ڕەگەز | ژمـــــارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نیـــێر | 144 | 64 |
| مـــێ | 80 | 36 |
| کـــــۆ | 224 | 100 |



## پیشەی نموونەکان

هەشتا نمونەکە حەفتا و حەوتیان ژنی ماڵن، واتە ڕێژەی ژنماڵ لە شار و دێ جیاوازیەکی بەرچاوی نیە، پەککەوتەو جوتیاریش لەشاردا لەگشتی کەمتر (7-3٪). فەرمانبەر و پۆلیس و پێشمەرگە (خوێندکاریش) کە ژمارەیان زۆرە پیشەیەلێکی شارین و زەحمەتە ئەم خەڵکە بگەڕێنو ئاوایی، بەشێ زۆر لە کاسبەکانیش پیشەکەیان لە دێدا نیە، بڕوانە خشتەی ژمارە (49).

**خشتەی ژمارە (49) پیشەی نموونەکان ڕووندەکاتەوە**

| پیشە | ژمـــارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | 39 | 4 ،17 |
| کاسب | 76 | 34 |
| پۆلیس | 13 | 8 ،5 |
| پێشمەرگە | 7 | 1 ،3 |
| ژنی ماڵەوە | 77 | 3 ،34 |
| پەککەوتوو | 3 | 3 ،1 |
| خوێندکار | 5 | 2 ،2 |
| جوتیار | 4 | 7 ،1 |
| کـــــۆ | 224 | ٪100 |

## شوێنی دانیشتن

لە خشتەی ژمارە (50 أ) ئەوە دەبینرێ کە تەنیا (11٪) **نموونەکان** لە خانوی کرێدا دەژین، ئەو دواکەی هەمووی خانوی خۆیەتی، واتە ئەم خەڵکە دەمێکە باری ئاوارەییان تێپەڕاندووە و هیچ ئاسانیش نیە کە خانوی خۆیان لە کەلار و سمودا جێبێڵن و بچن لە ئاواییەکدا بژین کە ئاو خواردنەوەی تێدا دەست نەکەوێ.

**خشتەی ژمارە (50 أ) چۆنیەتی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو**

| شوێنی دانیشتن | ژمـــارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خانوی کرێ | 25 | 11 |
| خانوی خۆم | 199 | 89 |
| کـــۆ | 224 | ٪100 |

ئەو 199 کەسەی کە لە خانوی خۆیدا دەژی 115 ی خانۆکەی لاڕێیە (تجاوز) بڕوانە خشتەی ژمارە (50) بەهەرلاییەکیش بارە بەسەر شارەکەیەوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، دروستکردنی خانوی لاڕێ بۆ ئەمان لە کەلار ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێ حوکمەتی هەرێمچرای سەوزی بۆ هەڵکرد.

**خشتەی ژمارە (50 ب) جۆری موڵکایەتی خانوو دەخاتەڕوو**

| خـــانوی خۆم | ژمـــارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لا ڕێ | 115 | 58 |
| تاپۆ | 84 | 42 |
| کـــۆ | 199 | ٪100 |

## هۆی نەگەڕانەوە

لە هەموو کوردستاندا گەڕانەوەی خەڵك لە شارەوە بۆ دێ پڕ کێشەیەو ناتوانرێ خەتاکەی بە تەنیا بدرێتە پاڵ لایەك وەك حوکمەت یان خەڵك، چونکە هەر نەبێت لەم دە ساڵەی دواییەدا باری سروشتیش بەهۆی کەم بارانی نالەباربووە. لەتەك ئەوەشدا هەردوولا حوکمەت و خەڵك بێباکیان پێوە دیارە لەم مەسەلەدا، وەکو لە زۆربەی ئاواییەکانی کۆکس بیری ئیرتیوازیان بۆ کراوە و ماتۆڕیشی لەسەرە، بەڵام یا گازی نیە یان کارەبای نیە یان ئاوەکەی شۆرە، بە هەرحاڵ ئیش ناکات حوکمەتیش خەمی ناخوا. وەك بێژی ئیشەکەی ئەوان لەو



شوێنەدا (هەڵکەندنی بیر و دانانی ماتۆڕ) کۆتایی هات. هەندێ جار هەندێ ئاوایی بەهۆی نزیکیان لە بەرپرسێکەوە خانویان بۆ کراوەو خزمەتیش کراون، لە دوای چەند ساڵێکیش خانویان روخانو کەرەسەیان فرۆشتو گەڕانەوە بۆ شار وەکو دێی دوازدە ئیمام و دێی کارێزەی حەمە کەیفە لە قەزای کفری.

نمونەکانی ئێمەش هۆی جۆراوجۆریان هەیە بۆ نەگەڕانەوە. 163 کەسیان کە دەکاتە 38,8٪ هۆکەیان گەڕاندوەتەوە بۆ نەبوونی خزمەتی حوکمەتی. 160 کەسیش کە دەکاتە 38٪ئێژن پارەمان نیە. کێشەی ناو ئاوایی کە پێچەوانەی مەزنەی ئێمە بوو لاوازترین هۆیە بۆ نەگەڕاندنەوە (2-0، 4٪) بڕوانە خشتەی ژمارە (51).

**خشتەی ژمارە (51) هۆکاری نەگەڕانەوەی نمونەکە دەخاتەڕوو**

| هۆی نەگەڕانەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پارەم نیە | 160 | 38 |
| توانای لاشەییم نیە | 14 | 3 ،3 |
| خیزان لە تەکما نایەن | 1 | 2 ،0 |
| ژیانی شارم پێ خۆشترە | 50 | 9 ،11 |
| نەبوونی خزمەتی حوکمەتی | 163 | 8 ،38 |
| کێشەی ناو ئاوایی | 21 | 3 ،9 |

## ڕای بەرپرسان

بۆ زانینی ڕای بەرپرسان لە بارەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کۆکس، بە شتی و کوڵەجۆ بە تایبەتی فۆرمێکی پێنج (5) پرسیارمان پێشکەش هەریەك لەم بەڕێزانە کرد.

1- مەلا سەعید - بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان.

2- سەردار فەقێ محمد - قایمقامی قەزای کفری.

3- سەردار محمد فتاح - بەڕێوبەری ناحیەی کۆکس.

4- سەروەت حسێن رشید - سەرۆکی شارەوانی کوڵەجۆ.

5- ڕەحیم کەریم حمید - ئەنجومەنی کوڵەجۆ.

له راستیدا فۆرمەکەمان شەش پرسیار بوو بەڵام لەبەر ئەوەی پرسیاری شەشەم زیادە رۆییەکی تیژی تێدا بوو (بە رای ئەوان) لاماندا.

**پرسیاری یەکەم: ئایا رازیت لە باری ئاوەدانی ناوچەکە؟ کەسیان رازی نین پێنجەم بەڕێز نەبێ، لەوەشە خراپ حاڵی بوون لە پرسیارەکە.**

**پرسیاری دووەم: بۆچی کوڵەجۆ ئاوەدان نابێتۆ؟**

أ- خەتای خەڵك چیە؟

ب- خەتای حوکمەت چیە؟

**وەڵامی بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان:**

پەیوەندی بەو عەقدەوە هەبوو لەگەڵ کۆمپانیای دنەی ئێرانیدا مۆر کرا بوو گرفتی فەنی تێدا بوو بۆیە پرۆژەکە دواکەوت، خەڵکیش هاوکار نیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، حوکمەتیش پلانی نیە.

**وەڵامی قایمقام:**

بەشێکی کەم تەرخەمی دانیشتوانەکەیەتی و بەشەکەی تری ئەو لایەنەیە کە گرێبەندی لەتەك کۆمپانیای دنەی ئێرانیدامۆرکردووە کە بڕیار بوو 600 خانو دروست بکات، خەتای خەڵك ئەوەیە نایانەوێ بگەڕێنەوە لەسەر زەوی و ئاوی خۆیان بژین و بەرهەمیان هەبێ بە پێچەوانەوە زۆریان خەڵکی بێگانەیان هێناوەتە سەر زەوێکانیان. کەمتەرخەمی حوکمەتیش لەوەدایە وەکو پێویست ئەولایەنەی گرێبەندی لەگەڵ کۆمپانیای دنەدا کردووە چاودێری نەکردووە.

**وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیە:**

حوکمەتی هەرێم بڕیاری (600) خانوی بە شێوازی نوێ داوە و ئەو ئیشە دراوە بە کۆمپانیای (دنە) ی ئێرانی لەدوای دوو مانگ ئیشەکە وەستا خەڵکی



کوڵەجۆش تا ئێستا بە تەمای گەڕانەوەن و ئەوکارەش پابەندیەکی ئەخلاقیە لەسەر حوکمەت و بە هەر شێوەیەك بێت دەبێت تەواوی بکا.

**وەڵامی سەرۆکی شارەوانی:**

تا ئێستا وەڵامی ئەم ئاوەدان نەکردنەوە لای ئێمەش روون نیە خەڵکیش هیچ خەتایان نیە، حوکمەت گرنگی بەم سنورە نەداوە و بەرنامەیان نیە بۆ ئاوەدانکردنەوە.

**وەڵامی ئەنجومەن:**

خەڵك خۆی ناگەڕێتەوە خەتای حوکمەتی تێدا نیە.

**پرسیاری سێیەم: کێشەکانی ئاوەدانکردنەوە چین؟**

**وەڵامی بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان:**

1- بێ پلانی.

2- نەبوون و دواکەوتنی بوجە.

3- دیاری نەکردنی ئەولەویات.

وەڵامی قایمقام:

هەمان وەڵامی پرسیاری دووەمە.

**وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیە:**

1- نەبوونی بوجە.

2- کەمی ئەوپارەیەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگەی سلێمانیەوە دێت (تنمیە الاقالیم) کە لەسەر بنچینەی فۆرمی خۆراکە زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەش فۆرمیان لە کەلارە یان لە دیالەیە.

**وەڵامی سەرۆکی شارەوانی:**

1- کۆمپانیای دنەی ئێرانی.

2- پشتگوێخستنی حوکمەت.

**وەڵامی ئەنجومەن:**

کۆمپانیای دنەی ئێرانی.

**پرسیاری چوارەم: تاکەی نایەڵن خەڵك خانو بکا و تا چەند ساڵتر حوکمەت بە شێوازی شارستانی دروستی ئەکات؟**

**وەڵامی بەڕێوبەری ئیدارەی گەرمیان:**

بڕیارە حوکمەت بە پێی بەرنامەی (خۆی) ئاوەدانی بکاتەوە.

**وەڵامی قایمقام:**

جێگری سەرۆکی حوکمەت بەڵێنی پێمان داوە کە بەم زوانە دەکرێت.

**وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیە:**

کێشەی خانۆکانی کوڵەجۆ لە ئەنجومەنی وەزیرانە و بڕیار لای بەرێزیانە.

**وەڵامی سەرۆکی شارەوانی:**

تا ئەوکاتەی حوکمەت دڵنیامان بکات بە نەکردنی تا ئەوکاتەش ئێمە چاوەڕوانی بەڵێنیانین

**وەڵامی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەری ناحیە و سەرۆکی شارەوانی سەردانی جێگری سەرۆکی حوکمەتیان کردووە و ئەویش بەڵێنی دروست کردنی (600) خانوی داوە.

**پرسیاری پێنجەم: ئایا ئەم ئاوەدان نەکردنەوە بە تاوان دەزانی، ئەگەر بەڵێ کێ تاوانبارە؟**

**وەڵامی بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان:**

بەتاوانی نازانم بەڵام ئەوە کەمتەرخەمیە و پەیوەندی بە ئەدای حوکمەت و خودی خەڵکەوە هەیە.

**وەڵامی قایمقام:**

تاوان وشەیەکی گەورەیە کەمتەرخەمی هەیە.

**وەڵامی بەریوەبەری ناحیە:**

پێشکەوتنی کارەکانمان بەئاراستەی تاوان نابێت.



**وەڵامی سەرۆکی شارەوانی:**

تاوان وشەیەکی قورسە، گوناح لە ئەستۆی حوکمەتدایە، چونکە تا ئێستا هەستی بە گرنگی ئەم ناوچەیە نەکردووە.

**وەڵامی ئەنجومەن:**

بەڵێ بە تاوانی دەزانم، تاوانباریش کۆمپانیای دنەیە.

**چەند تێبینیەك لەسەر وەڵامەکان:**

1- لە دوای پێنج ساڵ لە پرۆسەی ئازادی هێشتا بەرپرسان هیوایان بە بەڵێنەکانی سەرەوە هەیە.
2- گەرچی جگە لە ئەنجومەنی کوڵەجۆ کەس دروست نەکردنی شارۆچکەیەکی کشتوکاڵی و بازرگانی لە کوڵەجۆ بە تاوان نازانێ بەڵام کۆمپانیای دنەی ئێرانی وەکو (عبداللەی کوڕی سبأ)ی لێهاتووە لە فیتنەی ناو موسڵمانان.
3- بە پێی ئاستی وەزیفی تا لە سەرۆ بەرەو خوار بێین وەڵامەکان وردتر دەبن، تا لە خوارەوە بەروسەرەوەش بڕۆین وەڵامەکان دبلۆماسی تر دەبن.
4- خۆزگە دەمانزانی ئەم (تەر) ە کێ خستویەتیە نێوان (کەم) و (خەم) و چ زیادە واتایەکی خستووەتە سەریان (کەم تەرخەم) !
5- داڕشتنی پرسیارەکانی خۆمانیش پەلەکردنی پێوە دیارە.

## زەوێکانیان

زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی کۆکس میریە و حوکمەت لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووە بە گوێرەی ژمارەی جوتیاران و فراوانی زەوی ئاوییەکە دابەشی کردۆتە سەر جوتیاراندا واتە جوتیار ئەگەر لەگوندەکە نەمێنێ مافیشی بەسەر زەوێکەوە نامێنێ.

سەبارەت بە نمونەکانی ئێمە 79 کەس کە دەکاتە 35. 2٪ زەوی کشتوکاڵیان نیە، ئەوانەی هەیانە 145 کەسن و دەکاتە 64,7 ٪ بڕوانە خشتەی ژمارە (52 أ).

**خشتەی ژمارەی (52 أ) بوونی کشتوکاڵی ڕووندەکاتەوە**

| هەبوونی زەوی کشتوکاڵی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 145 | 7 ،64 |
| نەخێر | 79 | 2 ،35 |
| کـــــۆ | 224 | ٪100 |

لەوانەی کە زەویان هەیە (60 ٪) ئێژن هی خۆمانە. لەوانەیە ئەم خەڵکە یان حاڵی نین یان لە بیریان چووە یان خۆیان گێلەکەن لەوەی ئەو گرێبەندانەی لە سەرەتای حەفتاکاندا لە تەکیانا یان لەتەك باوکیاندا مۆرکراوە، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوزەوییە هی خۆیان بێ. (36,5 ٪) ئێژن هی حوکمەتە، (3، 4 ٪) زەویان لە خاوەن مولك وەرگرتووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (52ب).

**خشتەی ژمارەی (52ب) خاوەندارێتی زەوی ڕووندەکاتەوە**

| خاوەندارێتی زەوی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خۆم | 87 | 60 |
| حوکمەت | 53 | 5 ،36 |
| خاوەن موڵك | 5 | 4 ،3 |
| کـــــۆ | 145 | ٪100 |

هەر ئەو145 کەسەی کە وتیان زەویمان هەیە (45,5 ٪) خۆیان کاری تێدا دەکەن، (18,6٪) بە کرێ دایانە بە جوتیاری کورد، تەنیا (1,3 ٪) دایانە بە جوتیاری عەرەب. (34,4 ٪) زەوێکانیان بە بەیاری ماوەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (52 ج).



**خشتەی ژمارە (52 ج) کارکردن لە زەویوکاندا ڕووندەکاتەوە**

| کارکردن لەسەر زەوی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خۆم | 66 | 5 .45 |
| جوتیاری کورد | 27 | 6 .18 |
| جوتیاری عەرەب | 2 | 3 .1 |
| کەس کاری تیا ناکات | 50 | 4 .34 |
| کـــــۆ | 145 | ٪100 |

## چۆن دەگەڕێنەوە

**خشتەی ژمارە (53) داواکاری نمونەکە ڕووندەکاتەوە**

| چۆن دەگەڕێیتەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دابینکردنی خزمەتی حوکمەتی | 72 | 32.14 |
| خانوم بۆ بکرێ | 84 | 37.5 |
| ئاسایشم پارێزراو بێت | 8 | 3.5 |
| قەرەبو بکرێمەوە | 37 | 16.5 |
| گشتی | 103 | 49.5 |
| هەر ناگەڕێمەوە | 32 | 14.2 |

ئەم پرسیارەمان ئاڕاستەی نمونەکانمان کرد بە گوێرەی خشتەی ژمارە (53) ئەم وەڵامانەمان وەرگرت:

72 کەس کە دەکاتە 32,14 ٪ نموونەکان داوای دابینکردنی خزمەتە حوکمەتێکان دەکەن.

84 — 37,5 ٪ داوای خانو ئەکەن.

37 — 16,5 ٪ داوای قەرەبووکردنەوە ئەکەن.

8 — 3,5 ٪ داوای پاراستنی ئاسایشیان ئەکەن.

103 — 45,9 ٪ داوای گشت ئەوانەی سەرەوە ئەکەن.

32 — 14,2٪ بە هیچ شێوەیەك ناگەڕێنۆ، بە تێبینی توێژەرانیش نەك بە ئامار زۆربەی ئەوانەی ناگەڕێنۆ گەنجن.

## چەند راستیەک لەسەر زەوی

کێن ئەوخەڵکانەی ئەتوانن یان ئارەزووی گەڕانەوە و ئاوادانکردنەوەی ئاواییان هەیە؟ جێهێشتنی ئاوایی بۆ ماوەی 20 ساڵ و ژیان لە شاردا و ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندا هاتووە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و روناکبیریەوە بواری ئەوە دەدات جارێ تر بە هەمان شێوەی جاران بگەڕێنۆ و بۆ ئاوایی؟ ئایە تەماشای ئەمە بکەین یان ئەو سۆز و هەڵچونانەی لە دوای دەرکردن لە ئاوایی هەتا ئەو کاتەی بواری گەڕانەوە کرایەوە؟ لەم کەلار و سمودە شاراوە نیە لە کەس کە خەڵکی کۆکس و قەرەتەپە و گشت ئەو شوێنانەی بواری گەڕانەوەیان نەبوو تا 2003 چەن بە سۆزەوە دەیانووت ئاخ بۆ ئاوایی، بشێ جارێ تر بتوانین بگەڕێینۆ شوێنەکەی خۆمان؟

سەدان کەسیش بەو داخانەوە سەریان نایەوە، لە دوای 2003 ئەو باسانە نەما، جارێکیان وەزیرێك هات بۆ سمود خەڵك باسی کێشەی خۆیان بۆی دەکرد هەرکە وتی ئایە ئەگەر دێکان بۆتان ئاوەدان کرایەوە کەس دەگەڕێتەوە؟ ئامادە بووان وەك شخارتە چونە خۆیانا. خەڵکی ئەو ناوچانە جگە لەوەی ئاخو داخیان نەما بۆ گەڕانەوە دەستیان کردبە دروستکردنی خانو لە کەلارو سمود بە جوانترین شێوە کە دەچنە پیری بەرپرسێکیشەوە لە کلاوەی ئاوایی خۆیان ئێژن پارەمان نیە خانو بکەین و بگەڕێینۆ. با ئێمەش نەچینە سەر وەتەنیات فرۆشتن و لە واقیعی ئاواییەکانی ناحیەی کۆکس تەماشای راستێکان بکەین.



1- **ژمارەی خێزان:**

وەك پێشر باس کرا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بە گوێرەی بریزەوی و ژمارەی دانیشتوانی ئاوایی، زەوی بەشکرا بەسەر جوتیاراندا ئەوە زیاد لە 35 ساڵبەسەر ئەو گرێبەندانەدا چووە، گریمان هەمووی گەڕایەوە شوێنی خۆی ئایە ئەو برە زەویەی کە هەیە بەشی هەموان دەکات بڕوانە خشتەی ژمارە( 54 )

**خشتەی ژمارە (54)ژمارەی خێزانەکان دەردەخات لە ماوەی نێوان 1987-2007**

| ئاوایی | ژمارەی خێزان 1987 | خێزانی نەگەڕاوە (2007) | خێزانی گەڕاوە (2007) |
|---|---|---|---|
| کولەجۆ | 600 | 1200 | 46 |
| قەرەبلاغی خواروو | 97 | 180 | 07 |
| سێتەپان | 95 | 163 | 05 |
| تەپە عەلی | 20 | 50 | 0 |
| گومار | 17 | 42 | 01 |

2- **ژمارەی موچەخۆر:**

هەتا 87 — 88 ژمارەی موچەخۆر کەم بوو لە ئاواییەکاندا ئاشکراشە موچەخۆر سەر بە چینی ناوەندی کۆمەڵن و پەیوەستن بە شارەوە واتە ئەگەر جاران لە ئاواییەکدا قوتابخانەکەی پێویستی بە چەند مامۆستایەککە زۆرجار خەڵکی دێکە نەبوون و چەند پاسەوانێك و فەراشێك و کرێکارێك بۆ بەگرخستنی مەکینەی ئاو هەروەها ئەگەر یەك یان دوو موچە خۆرێترلە ئاواییدا هەبوایە ئاسایی بوو نەك هەر باریش نەبوو بەڵکو پێویست بوو، بەڵام ئەمڕۆ کە ژمارەی موچەخۆر لە جوتیار زیاتر بێ، ئەم هاوکێشە لاسەنگە لە ئاواییدا چۆن شوێنی

دەبێتەوە، کابرایەك ئەگەر پۆلیس بێ لە بنکەی پۆلیسی شارێکدا خانویەکی کرێی لەو شارەدا زۆر پێ باشترە لەوەی بچێ بۆ ئاواییو هاتووچۆ و لەوەیە چەندین شەو نەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵی خۆی. هەروەها پیشەگەران وەکو دارتاش و ئاسنگەر و دوکاندار و شۆفێر. . . . هتد کە شوێنیان لە ئاواییدا نابێتەوە ئەمانە گشت سەرباری گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتێکان کە لێرەدا بایەخمان پێنەدا چونکە لەو جۆرە باسانەدا زیادەڕۆیی زۆری تیدا دەکرێ تەنیا هێندەمان بەسە بیژین خەڵکی پەروەردەی ئەم 20 ساڵەی شار و کارەبا و پیاسەی سەر جادە و خولیای دڵداری و جوان پۆشی زەحمەتە لە ئاواییدا شوێنیانبێتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (55).

**خشتەی ژمارە (55)ژمارەی موچەخۆرەکان دەردەخات لە ماوەی 1987-2007**

| ئاوایی | موچەخۆر 1987 | موچە خۆر 2007 | پیشەگر 2007 |
|---|---|---|---|
| کولەجۆ | 50 | 545 | 70 |
| قەرەبلاغی خواروو | 04 | 19 | 28 |
| سێتەپان | 06 | 48 | 50 |
| تەپە عەلی | 03 | 28 | کرێکاریان زۆرە |
| گومار | 05 | 08 | 11 |

خەڵکی پیشەگر لە ئاواییەکاندا کەم بووە، بەڵام لە کولەجۆ لەبەر ئەوە شارۆچکە بوو سەر جادەش بوو بازاڕی هەبوو بەڵام ژمارەیانمان دەسنەکەوت. لەئاوایی تەپە عەلی پیشەگەرمان شك نەبرد، بەڵام زۆریان خەریکی کرێکارین کەئەمەش هەر پیشەیەکی شاریە و زەحمەتە لە ئاواییدا بژی ئەگەر زەوی کشتوکاڵی نەبێ.



### 3- خزمەتی حوکمەتی

لەتەك هەموو ئەو جیاوازانەدا کە لە ماوەی ئەم 20 ساڵەدا رویدا و ئەگەر حوکمەت نیازی ئاوەدانی بوایە دەبوا هۆکاری راکێشان لە ئاواییداو پیچەوانەکەشی لەشار. دەبا تەماشای هەمان ئەم گوندانە بکەین. بڕوانە خشتەی ژمارە (56).

**خشتەی ژمارە (56) بەراوردی خزمەکان لە ساڵەکانی 1987–2007 پیشاندەدات**

| ئاوایی | خزمەت 1987 | خزمەت 2007 |
|---|---|---|
| کولەجۆ | هەموو ئەو خزمەتانەی | 1987 هەبووە ئەمڕۆش دابەش کراوە |
| قەرەبلاغ | سەرەتایی، کارەبا، ئاو خواردن، ئاو کشتوکاڵ | کارەبا، ئاوخواردن، کشتوکاڵ |
| سێتەپان | قوتابخانە، کارەبا | کارەبا |
| تەپە عەلی | قوتابخانە | ئیرتیوازی |
| گومار | کارەبا، ئاو خواردن | |

## ئەنجامەکان

لە دوای پێنج سەردانی ئاواوییەکان و چەندین سەردانی کولەجۆ و گەرەکەکانی کولەجۆ لە کەلارو خەڵکی ناوچەی کۆکس لە سمود و دابەشکردنی فۆرم و پرسیار کردن و بینین و بیستن، نەك ئێمە بەڵکو هەر خوێنەرێك دەتوانێت بگات بەم ئەنجامانە و چەندین ئەنجامی تریش.

1- ئاواییەکانی سەید حوسێن، یەڵانچی، ئاوبارە، کۆکس (عەرەبەکانی) کە عەرەب و تورکماننشینن بەشێوەیەکی بەرچاو گەڕاونەتەوەو ئاوەدانیان کردۆتەوە واتا عەرەب و تورکمان بەپەرۆشترن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئاواییەکانی خۆیان لە کوردانیشدا عەشرەتی جاف (گەڵاڵی چاڵەو رەش، تیلەکۆی چاڵەو سورك).

2- هیچ کام لە ئاواییە کوردەکانیەك لە دەی دانیشتوانی جارانی لیٚ نیە.

3- ئەو خەڵکەی پێش 1987 خەریك کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونو لە خانوی قوڕدا دەژیان، ئەمڕۆ لە خانوی کۆنکریتدا دەژین و خەریك بازرگانی و چاوەڕێی سەر مانگن.

4- حوکمەتی هەرێم بەجیاو پارێزگەی دیالا بەجیا خزمەتەسەرەتاییەکانیان پێشکەش کردووە لە هەندیٚ لە گوندەکان.

5- حوکمەتی کوردستان وەك لە وەڵامی بەرپرسەکانەوە دەرئەکەویٚ هەرنەبیٚ لەڕوی ئاوەدانکردنەوەوە بێبەرنامەیە، بەئاگا یان بێئاگا هۆکاری راکێشانی لە شاردا دروست کردووەو دەرکردنیش لە ئاوایی.

6- ئەو خەڵکەی شوێن خۆیان کردۆتەوە لە شارداو ئیش و موچەی باشیان هەیە بەهیچ شێوەیەك ئامادەی گەڕانەوە نین، کە لێشیان بپرسی خۆیان واپیشان ئەدەن کە ئارەزوی گەڕانەوەیان هەیە و توانایان نیە.

7- زۆریشن ئەوانەی هەژارن و موچەیان نیە و لە پەراوێزی شاردا دەژین، ئەمانە بەخزمەتە بنچینەییەکان دەگەڕێنەوە، پێویستە حوکمەت سود لەمانە ببینیٚ.



8- ڕێژەی عەرەب بەشێوەیە بەرچاو لە زیادبوندایەو لەو گوندانەی کە پێشترعەرەبی لێنەبووە وەك بانئاسیاو قەرەبلاٚغ خوار.

9- ئیشی کۆمەڵناسی توێژینەوەیە لەسەر کۆمەڵگە چۆن هەیە، نەك چۆن پێویستە ببیٚ. جگە لەمەش لە ئەمڕۆی کوردستاندا خۆشەویستی خاك و خۆبەخت کردن لەپێناویدا باوی نەماوە و لەبابەت وەتەنیات فرۆشتنە.

## راسپاردەکان

- پیداچونەوەی گریبەندی جوتیاران ئەوانەی لە سەرەتای حەفتاکان زەویان لە حوکمەت وەرگرتوە، ئەگەر ئەو جوتیارە ماوە ئەوە بابچیٚ بۆسەر زەوێکەی، ئەگەر مردوە ئەوە منداڵەکانی کامیان ئارەزوی جوتیاری هەیە بابگەرێتەوەو گریبەندی نوێیان لەتەکدا مۆربکریٚ. نابیٚ حوکمەت بیدەنگ بیٚ لەو جوتیارانەی حەفتاکان کە ئیستا فریان بەسەر جوتیاریەوە نەماوەو خەریکی بازرگانین و خانوی دوو قاتیان هەیە لە کەلار یان لەشوینی تر، زەوێکانیان کە میریە بەکریٚ بدەنە جوتیاری عەرەب. کە جوتیار لەسەر زەوی نەما مافی بەسەریەوە نامێنی و دەگەڕیتەوە بۆ حوکمەت.
- دروسکردنی هۆکاری راکیشانی دانیشتوان لە ئاواییەکان. گریمان دێیەك یەك ماڵی بۆگەرابێتەوە، باحوکمەت ئاوی خواردنەوەو کارەباو قوتابخانەو جادەی بۆدابین بکات، بێگومان ئەوە دەبیتە هۆی راکیشانی ئەو خەڵکە هەژارەی لە پەراویزی شاراندا دەژین و بێئومیدن لەهاوکاری حوکمەت، باحوکمەتی هەریمی کوردستان ئەو پارە خەرج بکاتو وابزانیٚ نانی هەتیوی داوە.
- دروستکردنی هۆکاری دەرکردنی دانیشتوان لە شارەکان. ئەمەش بە جیبەجیکردنی قانونی شارەوانی، نابیٚ زەوی نیشتەجیبون بۆ مەبەستی کشتوکالیو ئاژەڵداری بەکاربهێنری. لە کەلارو سمود خەڵکیٚ زۆر هەیە زەوی نیشتەجیٚ بوونیان کریوە و ئاژەڵی تێدا بە خێودەکەن شارەوانیش نەك هەر باکیشی نیە، بەڵکو وەك هەر شوێنێکی تر هەوڵی خزمەتکردنی دەدات.

خەڵك هەیە لە سمود هەشت پارچە زەوی کە دەکاتە (1600م2) کڕیوەو سووکە گوندێکی دروست کردووە، شارەوانیش لە هەموو لایەکەوە ئاوو ئاوەڕۆو کارەبای بۆ دابین کردووە.

- ناحیەیی کۆکس یا هەموو ئەو شوێنانەی سەر بە دیالەن (کە سەر بە دیالەن) نابێتە بیانو بۆ خزمەت نەکردن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، چ کاتێ حوکمەتی دیالا رێگربوون لە بەردەم هەرێمدا ئەگەر پێیان بکرایە خۆ دەبونە رێگر لەبەردەم ئەو برە خزمەتەی کە هەرێم کردویەتی.
- چاککردنەوەو پاککردنەوەی بەردەوامی پرۆژە ئاویەکان.
- شۆردنەوەی زەوی شۆرەکات کارێکی زەحمەتە، لە جیاتی ئەوە دەتوانرێ ئەو زەویانەی لە کارکەوتووە بەهۆی شۆرەکاتەوە (بۆ نموونە ناوچەی گومار) بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت. ئەگەر پرۆژەی ئاوی گردەگۆزینە — گومار پاکبکرێتەوە و ئاوەکەی بەشیوەیە رێك بگات، زەویەکەشی (بەو شۆریەوە) لەبارە، پلەی گەرماشی زۆر بەرزە، دەکرێت لە جیاتی دانەوێڵە و دالیە کە هیچ بەرهەم نادات لەبەر شۆرەکات بکرێت بە دارخورما. زەویەکانی ناوچەی گومار بەگشتی میریەو دەکرێ بەشێوەی باخی دەوڵەت (مزارع الدولە) یان بە گرێبەند بدرێت بە کەرتی تایبەت بۆ مەبەستی دیاریکراو واتا دارخورما.
- نابێ و ناکرێ دروستکردنی 600 خانوو لە کوڵەجۆ ببێتە کێوی قاف لە حوکمەتی هەرێم لەکاتێکدا هەمان ئەو حوکمەتە برە پارەیەك (لە مەزەندە و خەیاڵی ئێمەمانان بەدەرە) لە پرۆژەی پرپوچی وەك شاری خەونەکان و گوندی ئەڵمانیدا خەرج دەکات! دەسەڵاتدارانی کورد بەبیرتان دێت کە لە شاخ بوون نوێنەری کێ بوون و کێ یارمەتیدەرتان بوو؟ ئایا ئێوە بۆ پاراستنی خاك و خەڵکی کوردستان شۆڕشتان کرد یان بۆ های ستی و وای ستی؟ ئایا دروستکردنی 600 خانوو لە کوڵەجو کە خاك و خەڵکی هەژاری کوردستان سوودی لێ دەبینن، کۆنە ئامانجی ئێوە دەپێکێت یا ناز و باز ستی؟!!



- بەخشینی دیاری تایبەت بۆ هەموو ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و باری سەختی ژیانی ئەو شوێنەیان قبوڵکردوە. با تەنیا مەرج کوردی وێژ و کوردی پۆش بێت تەنانەت ئەگەر کورە موستەشاریش بێت. خوێنەری شاری بەرێز بیهێنە پێش چاوی خۆتدا پاککترین ئاوی خواردنەوەت ئاوی باران بێت.
- لەناو هەموو ئەوانەی گەڕاونەتەوە مام سالەحی چەتاڵ کە بە تەنیا ماڵە دێکەی خۆیانی ئاوەدان کردۆتۆشایانی لا لێکردنەوەیە لەلایەن لوتکەی دەسەڵاتی کوردەوە هیچ نەبێ بابیرێکی ئیرتیوازی 200 مەتری بۆ بکرێت. چەتاڵ بە دەیان کیلۆمەتر لە جادە قیرەکانەوە دوورەو دەشتێکی دەیمیەو چەند دارگەزەکەی مام سالەحی لێ دەرچێت سەوزایی تیا نیە. ئەگەر بە پیوەری کوردایەتی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو تەماشا بکەین ئەوا مام سالەح ولاتپەروەرە.

## چاوپێکەوتنەکان

### أ/ فەرمانبەران

سەردار فەقێ محمد ................................ قایمقامی قەزای کفری.
سەردار محمد فتاح ................................ بەڕێوەبەری ناحیەی کۆکس.
عارف عادل جاسم ......................... بەڕێوەبەری ناحیەی جەبارە.
حسین علی سلیم .......................... بەڕێوەبەری ئاماری گەرمیان.
سەروەت حەسەن رەشید ..................... سەرۆکی شارەوانی کوڵەجۆ.
هەژار غازی سالار ....................... سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی کفری.
حوسین مەجید کەریم ........... جێگری سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی کفری.
فتح الله علی محمد سعید .................. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی جەبارە.
حسن خورشید حسین ........................ بەرپرسی زەوی و زاری کفری.
سهیل خورشید عزیز ...................... ئەندازیاری کشتوکاڵی کفری.
ملازمی یەکەم: رفیق احمد رشید ......... بەرپرسی بنکەی پۆلیسی نەوت و گازی چاڵەو خاڵد.
عادل برایم فەیزوڵا ........................... نوسەری ناحیەی کۆکس.



### ب/ هاوڵاتیان:

| ز | ناوی هاوڵاتی | شوێنی دانیشتنی ئێستا | شوێنی دانیشتنی کۆن |
|---|---|---|---|
| 1. | ئازاد رەشید حەسەن | سمود | تەپە عەلی |
| 2. | ئەحمەد عەبد دنەو | ئاوبارە | ئاوبارە |
| 3. | ئەحمەد قادر مەجید | سمود | تەپە گزن |
| 4. | ئەیوب ئەحمەد جەیران | کەلار | لەلێن |
| 5. | اکرام ئەحمەد مستەفا | سمود | گومار |
| 6. | اکرام محەمەد حەسەن | کەلار | بان سنوق |
| 7. | بەیان قادر سالەح | سمود | حاجی حەسەن |
| 8. | برایم عبداللە | سمود | سیامەرۆ |
| 9. | جەعفەر خەلیل حوسین | سمود | کۆکس |
| 10. | جەمال مەحمود عەلی | عەلی خەڵەف | عەلی خەڵەف |
| 11. | جمعە قاسم حەمادی | سمود | شاکەل |
| 12. | حەسەن ئەحمەد | سمود | کۆکس |
| 13. | حەمید ئەحمەد عەزیز | شێخ لەنگەر | شێخ لەنگەر |
| 14. | حسام ئەحمەد عبدالعزیز | کفری | تەپە قەوی |
| 15. | حوسین قادر ئەحمەد | سمود | بان ئاسیاو |
| 16. | رەحیم کەریم حەمید | کوڵەجۆ | کوڵەجۆ |
| 17. | سۆران عەلی محەمەد | سمود | کۆکس |
| 18. | ساڵەح قادر عەزیز | سمود | بان ئاسیاو |
| 19. | ساڵەح مەولود خەسرەو | چەتاڵ | چەتاڵ |
| 20. | سەعید سەید مورادی | سمود | سەیدموراد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 21. | شیرزاد نوری عەباس | سمود | حاجیلەر |
| 22. | عادل عبداللە | سمود | سیامەرۆ |
| 23. | عبدالرحمن امین محمد | بان سنوق | بان سنوق |
| 24. | عبدالکریم حەمید ئەحمەد | کەلار | گومار |
| 25. | عبدالکریم رەزا سەعید | سمود | سەیدە |
| 26. | عبداللە مەولود محمد | سمود | بان سنوق |
| 27. | عماد سالّح | سمود | شێخ لەنگەر — حوسین کوردی |
| 28. | عوسمان ئەحمەد محەمەد | سمود | سەیدە |
| 29. | عوسمان حەیدەر مەحمود | کەلار | قەرەبلاغ کۆن |
| 30. | فازل حسن محمد | سمود | سێ تەپان |
| 31. | فەرهاد ئەحمەد قادر | سمود | تازەشار |
| 32. | قانع خورشید رەشید | سمود | شێخ لەنگەر |
| 33. | کەنعان برایم حەبیب | کۆکس | کۆکس |
| 34. | مەحمود حەسەن حەمەخان | سمود | تازەشار |
| 35. | مەردان ئەحمەد قادر | سمود | تازەشار |
| 36. | مەولود یونجە محەمەد | سمود | جدیدە — سەید حوسین |
| 37. | محەمەد تۆفیق | سمود | بانئاسیاو |
| 38. | محەمەد عەلی حوسین | کەلار | بان سنوق |
| 39. | محمد صدیق عزیز | شێخ لەنگەر | شێخ لەنگەر |
| 40. | موحسن رۆستەم زۆراب | کەلار | قەرەبڵاخ کۆن |
| 41. | موکەرەم عەزیز | کەلار | رەحیم وەرقە |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 42. | ناسیح جەوهەر برایم | گردەگۆزینە | سێ تەپان |
| 43. | ناسیح مەجید برایم | گردەگۆزینە | کۆکس |
| 44. | نەجات رەمەزان حەمەخان | سمود | ئاوبارە |
| 45. | نەجات سابیر مەولود | سمود | چەتاڵ |
| 46. | نەوزاد اکرام فارس | سمود | سەیدحوسین |
| 47. | نەوزاد نوری عباس | گردەگۆزینە | حاجی لەر |
| 48. | نوری حەمەخان | شێخ لەنگەر | شێخ لەنگەر |
| 49. | یادگار تۆفیق مەحمود | شێخ لەنگەر | شێخ لەنگەر |
| 50. | یوسف یونجە محەمەد | سمود | جدیدە — سەید حوسین |
| 51. | سەلام رەشید | سمود | بانسنوق |
| 52. | حاجی کەریم | حاجی حەسەن | حاجی حەسەن |

## فۆرمی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو ماڵانەی گەراونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان لە ناحیەی کۆکس

ئاوایی ....................

ساڵی گەڕانەوە ...............................

1- تەمەن .............................. ساڵ

2- باری خیزانی: (سەڵت، خێزاندار، بێوەژن، بێوەپیاو)

3- رەگەز: (نێر، مێ)

4- پیشە: (فەرمانبەر، کاسب، پۆلیس، پێشمەرگە، جوتیار، هیتر)

کێشەکان

5- کێشەی تەناهی

(ترس لە تیرۆریست، ترس لە عەرەب، ترس لەکورد، ترس لەدز، هیتر)

6- کێشەی خزمەتی

(قوتابخانە، نەخۆشخانە، شەقام، ئاوی خواردنەوە، ئاوی کشتوکال، کارەبا، یارمەتی کشتوکاڵی)

7- کێشەی ئابوری

(نەگونجانی نرخی بەرهەم لەتەك تێچۆکەی، گەیاندنی بەرهەم بۆ بازار، توانای ململانێ لەتەك بەرهەمی بیانی، هیتر)

8- کێشەی زەوی: (لەتەك حوکمەت، لەتەك خاوەن موڵك، لەتەك هاوسێ، هیتر)

9- کێشەی ئاو: (لەتەك حوکمەت، لەتەك خاوەن موڵك، لەتەك هاوسێ، هیتر)

10- بۆ گەڕایتەوە بۆ ئاوایی؟

(لەشاردا ژیانم باش نەبوو، شوێنی خۆمەو لەسەرمە ئاوەدانی بکەمەوە، هیتر)

**سەلاح شاکەلی**

**عەبدولا گەرمیانی**

**فەرهاد سەمەد**



## فۆرمی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو ماڵانەی نەگەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان لە ناحیەی کۆکس

1-تەمەن ........................... ساڵ

2-باری خێزانی: (سەلت، خێزاندار، بێوەژن، بێوەپیاو)

3-رەگەز: (نێر، مێ)

4-پیشە: (فەرمانبەر، کاسب، پۆلیس، پێشمەرگە، جوتیار، هیتر)

5- شوێنی دانیشتن

أ/ خانوی کرێ

ب/ خانوی خۆم 1- لاڕێ (تجاوز) 2- تاپۆ.

6- بۆچی ناگەرێیتۆ بۆ شوێنی خۆت؟

(پارەم نیە، توانای لاشەییم نیە، خێزان لە تەکما نایەن، ژیانی ئێرەم پێخۆشترە، نەبونی خزمەتی حوکمەتی، کێشەی ناو ئاوایی، هیتر)

7- زەوی کشتوکاڵیت هەیە لە ئاوایی؟

أ/ نەخێر

ب/ بەڵێ (هی حوکمەتە، هی خۆمە، هی خاوەن موڵکە)

8- ئیستا کێ کار لەزەوێکەت دەکات؟

(خۆم، جوتیاری کورد، جوتیاری عەرەب، کەس کاری تیا ناکات)

9-چۆن دەگەرێیتەوە بۆ ئاوایی؟

أ/ دابینکردنی خزمەتە حوکمەتێکان.

ب/ خانوم بۆ بکری.

ج/ ئاسایشمان بپارێزرێ.

د/ قەرەبوو بکرێمەوە.

ه/ گشتی.

و/ هەر ناگەرێمۆ.

**توێـــژەران**

## پاشکۆی وێنەکان



وێنەی ژمارە (1): بان سندوق



وێنەی ژمارە (2): بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کۆکس





وێنەی ژمارە (3): بنکەی تەندروستی شەهید مام ساڵح عەلی خەلەف



وێنەی ژمارە (4): تازە شار



وێنەی ژمارە (5): ڕەحیم وەرقە



وێنەی ژمارە (6): سەید مدری





وێنەی ژمارە (7): قەرەبڵاخ خوار